دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



یەلداتان پیرۆز

ژمارە٦٩١، سێشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢٠ی دێسامبری ٢٠١٦

www.kurdistanmedia.com




کوردستان ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە دەگرێت ٤



پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە ٥



پەڵەیەکی ڕەش بە تەوێڵی چەند بەناو ڕۆژنامەنووسێکەوە ٧



ئەم جۆرە کۆبوونەوانە، تەواوکەری خەباتی خەڵک لە شار و پێشمەرگە لە شاخن ١٠






# پێشمەرگە پێشەنگ و پشتیوانی خەباتی نەتەوەییە



خەڵکی کوردستان لە سەرماوەزی ئەمساڵدا، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی جۆراوجۆر، ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت و لەسەر پێویستیی بەهێز کردنی یەکیەتیی نەتەوەیی و پشتیوانی کردنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات پێداگرییان کردەوە.

بەم بۆنەوە، ڕۆژی شەممە ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە یەکێک لە هۆڵەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی خەباتی نوێی کوردستان (ڕاسان) دەستی پێکرد، ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیونی سیاسی نیزامیی حیزب، پەیامی ئەو کۆمیسیونەی بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز جەهانگیری لە پەیامەکەی خۆیدا وێڕای ئاماژەدان بە تایبەتمەندیی خۆڕاگریی نەتەوەی کورد، گوتی: «هەتا ئێستاش هیچ حکومەتێکی سەرەڕۆ و ستەمکار نەیتوانیوە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گرینگ بۆ خۆی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا دروست بکات، چوونکە کورد ئەو دەوڵەتانەی بە داگیرکەر چاو لێ کردوون و ئەوانیش کوردیان بە بێ فەرق و جیاوازی بە دوژمن زانیوە».

ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە: «لە مێژووی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لە هەر گۆشە لە خاکی وڵاتەکەمان، گەر دەرفەتێک ڕەخسابێت، شۆڕشی کورد سەریهەڵداوە و بەگژ دوژمناندا چۆتەوە، کە ئەو ئامادەیی و قارەمانیەتی و ئازایەتییەی کورد بووەتە هۆی ئەوەی کە دوژمنان هەمیشە ترسیان لە کورد هەبووە و هەیە».

جەهانگیری وێڕای ئاماژە دان بە دەستپێکی قۆناغی نوێی خەبات لەدژی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، گوتی: «خەباتگێڕانی کورد، ڕێبەرایەتیی شۆڕش و تێکۆشانی نەتەوەیی و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵات، بڕیاری ڕاسانەوەی خەباتیان دا و هێزی بەهێز و بەبیر و باوەڕ و ئیرادە پۆڵایینی پێشمەرگەش ئامادە و گیان لەسەردەست، وەپێشی مەرگ کەوت و بە حەماسە خولقاندن لە شنۆ و کۆساڵان، موکریان و سەڵماس، چەخماخەی ڕاسانی لێ دا و بەوپەڕی گیانبازییەوە مەیدانی خەباتی بە پانتایی کوردستانی ڕۆژهەڵات گەرم و بڵێسەدار کرد».

بەڕێز جەهانگیری هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بەوە دا کە: «ڕاسان، خەباتی کوردە بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە دوارۆژی ڕووناک و گەش، بۆیە بەتەنیا بە هێزی پێشمەرگە بەڕێوە ناچێ و دەبێ بە هەموو خەڵک و هەموو چین و توێژەکانەوە و هەرکام بە شێواز و توانا و ئیمکانی خۆی، تێیدا بەشداربن و نەک ئەوان پشتیوانی پێشمەرگە، بەڵکوو پێشمەرگە پشتیوانی خەڵک بۆ ڕاپەرینی یەکجاری بێ».

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن جەلال ڕەوانگەرد، سکرتێری یەکیەتیی لاوان، پێشکەش کرا.

شایانی باسە کە؛ ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی سەرماوەز، لە ڕێوڕەسمێکی دیکەدا کە لە شارۆچکەی سیدەکانی کوردستانی عێراق بە هاوکاریی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکرات جێگر لە سنوورەکانی کوردستانی ئێران، بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا، محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە لێدوانێکدا وێڕای پیرۆزبایی کردنی ئەم بۆنە لە پێشمەرگەکانی کوردستان و نەتەوەی کورد، پڕژایە سەر ڕۆڵی کاریگەر و پێشەنگی پێشمەرگە و باسی لەخۆبوردووییەکانی ئەم هێزەی لە خەبات بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان کرد.

بەڕێز قادری لە وتەکانی خۆیدا ڕوو لە هەموو هێزە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکان گوتی: «قۆناغی نوێی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێویستی بە پشتگیریی هەمەلایەنەی ئێوە هەیە».

ناوبراو هەروەها جەختی کردەوە کە: «لە پاش دەسپێکی قۆناغی نوێی خەبات ناسراو بە ڕاسان کۆماری ئیسلامی بەتەواوەتی زەندەقی چووە و لەهەموو دەرفەتێک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاسان کەڵک وەردەگرێت».

هەر لەو پێوەندییەدا لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێران، خەڵکی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، سەرەڕای هەڕەشەکانی ڕێژیم و کەشی سەرکوتکارانەی زاڵ، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی جۆراوجۆر یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت و هاوکات لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە.

## پەیڤ

### جوغرافیای نەتەوەیی و جوغرافیای شۆڕش

**کەریم پەرویزی**

نەتەوەی کورد لە خاکی نیشتمانی خۆیدا بەرەوڕووی هێرشی بێگانە و دەستبەسەرداگرتنی خاکەکەی و ماڵوێرانی و کاولکاری بۆتەوە و سەدان ساڵە کە لە پێناوی دووبارە بەدەستەوەگەرتنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا.

بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو و بگرە نزیک بە سەدەیەکە، بەتایبەت لە ئێراندا ئەو چەواشەکارییە مێژووییە دەکرێ کە هەموو نەتەوەکان لە ئێراندا مێژووی هاوبەشیان هەیە و بە ئاشتیانە لە پەنا یەکدا ژیاون! ئەمە لە کاتێکدایە کە نەتەوەکانی تورک و کورد و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن، بەردەوام سەرکوت کراون و زۆرجاریش قڕ کراون. ئەم مێژووە هاوبەش نیە لە نێوان نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەی ژێردەستدا، بەڵکوو دوو ڕووی مێژوویەکە، ڕوویەکی ستەمکاری و ڕوویەکی ستەملێکراوی!

لە نێو نەتەوەی کورددا، بە درێژایی و پانایی خاکی کوردستان، ئەم نەتەوەیە بەرەوڕووی ستەم و کاولکاری بۆتەوە و جوغرافیا نەتەوەییەکەی لە ماکۆ و سەڵماسەوە بگرە تاکوو ئیلام و شارە کورد نشینەکانی خوارتر، دەگرێتەوە. بەڵام شۆڕشێک کە بەرپا بووبێ، سەرتاسەری ئەم جوغرافیا نەتەوەییەی نەگرتۆتەوە و لە ئێستاشدا ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە سەرەتاکانیدایە و هێشتا جوغرافیایەکی بەربڵاوی لەبەردەمدایە کە بخزێتە نێویەوە. جیا لەوەی کورد لە شارەکانی تاران و قەزوین و ئیسفەهانیش هەن و بەتایبەت لە باکووری خوراساندا بە سەدان هەزار کەسن کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە خاکی خۆیان دەریان کردوون و دووریان خستوونەتەوە.

کە ئاوڕ لە خەبات و سەرهەڵدانی نەتەوەیی کورد دەدەیتەوە، جوغرافیای نەتەوەیی و جوغرافیای شۆڕشەکەی لە بڕگە جیاوازەکانی مێژوودا، بە هۆکاری جۆربەجۆر هاوتا نەبوون و جوغرافیای شۆڕشەکەی هەموو جوغرافیای نەتەوەییەکەی دانەپۆشیوە. لەولاشەوە، دوژمنی سەرەکیی کورد، ڕێژیمی سەرەڕۆی تاران، بەردەوام هەوڵی داوە کە جوغرافیا نەتەوەییەکەی کورد هەڵوەشێنێتەوە و لێکیان دابڕێ و لە شۆڕشیان دوور بخاتەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، مەشخەڵداری شۆڕشە و ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

**مستەفا هیجری:**

## بەگشتی خەباتی چەکداریی ئێمە بەرگری کردنە لە خۆمان تا هێرشکردن

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی ئانادۆڵ ڕایگەیاند کە؛ ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران تەحەمول بکات پێشمەرگە لەنێو خەڵکدا هەبێت، ئەوە نامانهەوێت خەبات ببێتە خەباتی چەکداری، بەڵام ئەگەر ئەوان هێرش بکەن، پێشمەرگە ناچارە بەرگریی بکات، بۆیە بەگشتی بزووتنەوەی چەکداریی ئێمە بەرگری کردنە لە خۆمان تا هێرش کردن.

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مستەفا هیجری لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی ئانادۆڵ سەبارەت بە دانووستان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاند؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەواندا نەکردووە و باسی لەوەش کرد کە؛ پێشمەرگەکانمان لە ئێران زیاتر لە حاڵەتی بەرگریدان تا هێرش.

هیجری لەو وتووێژەدا سەبارەت بە حەشدی شەعبی لە عێراق لە پاش پەسەندکردنی یاسای بەفەرمی ناسینیان لە پارلمانی ئەم وڵاتەدا گوتی: «حەشدی شەعبی هاوشێوەی بەسیجی ئێرانە لە عێراق و مەترسیی بۆ سەر کورد دەبێت لە ئایندەدا».

هەروەها لەوبارەیەوە هیجری سەبارەت بە حەشدی شەعبی گوتی: «ئێمە لەسەرەتاوە بە زانیارییەوە ڕامانگەیاندووە کە حەشدی شەعبی هێزێکی ئێرانییە و لەژێر پەروەردە و بەیارمەتی و دارایی و چەکی ئێران پەروەردە دەکرێت، شتێکە وەکوو بەسیج کە لە ئێراندا هەیە، بۆیە ئەو بەشە لە سەربازەکان کە بەنێوی عێراقە، زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵ و فەرمانی ئێراندا دەبێت و دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هیچ شوێنێك هیچ شتێکی باشی بۆ کورد ناوێت».

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (PDKI) یەکێکە لە حیزبە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەهۆی قەدەغە کردنییەوە زیاتر لە بیست ساڵە لە هەرێمی کوردستان بارەگای هەیە و هاوشانی چەندین حیزبی کوردی دیکە کە ئەوانیش لە ئێراندا چالاکییان قەدەغەیە، خەبات دەکات.

هیجری لە بەشێکی ئەو وتووێژەدا باسی لەوە کرد؛ پاش ٢٠ ساڵ بەخۆشییەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەباری نێودەوڵەتی و یاساییەوە ناسراوە و لە یاسای حکوومەتی عێراقدا بەفەرمی ناسراوە، ئێمەش بە پێویستمان زانی خەباتی چەکدارییمان دووبارە بە هەر شێوەیەک بێت و بۆمان بگونجێت دەست پێ‌بکەینەوە، بۆیە لەساڵی ٢٠١٥دا ڕێبەرایەتی حزبمان بڕیاری دا کە پێشمەرگە جارێکی تر لە نێو خەڵکدا حزوور پەیدا بکات.

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ساڵڕۆژی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ بەرز ڕادەگرین

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی دێسامبری ساڵی ١٩٤٨ی زایینی لە بڕیارنامەیەکدا جاڕنامەی گشتیی مافەکانی مرۆڤی پەسند کرد، و لە ساڵی ١٩٥٠دا، داوای لە هەموو وڵاتانی جیهان کرد یادی ئەم ڕۆژە بەرز ڕاگرن.

لەو ڕۆژەوە تا ئێستا (١٠ی دێسامبری٢٠١٦)، سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەت شۆرای مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەنگاوی بەرچاویان بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ هەڵێناوەتەوە و یارمەتیی مرۆڤە ماف پێشێلکراوەکانیان داوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە لە ئێستادا زۆرن ئەو خەڵکانەی کە لە لایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانەوە مافەکانیان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێن و تەنانەت لە مافی ژیان و نیشتەجێبوون بێبەش دەکرێن، بەڵام بە هۆی ساتوسەودای وڵاتانی بەهێزەوە پشتگوێ دەخرێن و کەس بە هاواریانەوە ناچێ.

ئەم بێدادی و بەکۆمەڵ ماف پێشێلکردنانە، لەم ساڵانەدا ڕوونتر لە هەر کاتێک لە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ڕۆژانە بەڕێوە دەچن و میدیاکانی هەموو دنیا دەیخەنە بەرچاوی خەڵک. شەڕ و وێرانییەکانی خۆرهەڵات بە گشتی و بەشێک لە ئەفریقا و باقی شوێنەکانی جیهان کە ئاکامەکەی وێرانیی ژیان و ژینگەی ئەو وڵاتانە و ئاوارەبوونی میلیۆنان خەڵکی بێتاوان لە منداڵ و پیر و پەککەوتەن کە هیچ دەور و تاوانێکیان لە خولقاندنی ئەم دۆخەدا نییە و، تەنیا دەستەچیلەی ئاگری خۆبەزلزانی، بەرژەوەندیخوازی و سەرەڕۆیی کۆمەڵێک کەس و گرووپی دژی مرۆڤن.

یەکێک لەو دەوڵەتانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێژیمە لە پێنج پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت کۆنوانسیونەکانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان ئەندامە، بەڵام بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتداری، مافی ئێرانییەکانی بە تاک و بە کۆمەڵ پێشێل کردووە، هێندێک لە نەتەوەکانی ئێرانی لە مافی سیاسی بێبەش کردووە، هەموو دانیشتوانی وڵاتی بەپێی ئایین و بۆچوونی سیاسییان دابەش کردووە و بە توندترین شێوە جیابیر و جیائایینەکان سەرکوت دەکا.

بەرپرسانی پایەبەرزی ڕێژیم بە ئاشکرا جاڕنامەی مافی مرۆڤ ڕەد دەکەنەوە و دژی دەوەستنەوە، لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراقدا بیست میلیۆن مینی دژی نەفەریان لە سنوورەکانی ئێران بە تایبەت سنوورەکانی کوردستان ـ عێراق چاندووە، بە هۆی ملنەدان بە ئیمزاکردنی کۆنوانسیونی دژە مینی ئوتاوا و پاک نەکردنەوی کوردستان لەو مینانە، هەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە هۆی تەقینەوەی مینەکان گیانیان لەدەست داوە یان کەمئەندام بوون.

بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە پێشێل کردنی مافەکانی گەلانی ئێران ڕانەوەستاوە و بە هۆی دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی دیکەی دنیا بە تایبەت خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بووەتە هۆکاری سەرەکیی خولقاندنی شەڕ و وێرانی، وەک شەڕ و وێرانییەکانی سووریە و پەرەپێدانی تێرۆریزم.

هەڵکشانی ساڵانەی ژمارەی ئێعدامەکان، هەڵاواردنی ژنان و لە ژێرپێنانی مافەکانیان، کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەرانی کورد، زیندانی کردن، ئەشکەنجە و بێ‌حورمەتی کردن بە چالاکانی سیاسی بەتایبەت کوردەکان، ئێستا لە هیچ کەس شاراوە نییە.

ڕەهەندێکی دیکەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامی هەڵکشانی ژمارەی بەرچاوی گیرۆدەبووەکان بە مادده سڕکەرەکان، ڕووداوەکانی تەڵاق و تاوان و جینایەت لەو وڵاتەدایە کە سیاسەت و بەرنامە دواکەتووەکانی ڕێژیم، هۆی سەرەکیی ئەم گرفتانەن، کە گەورەترین زەربەیە لە کۆمەڵگەی ئێران و بەداخەوە کەمتر باسی لێوە دەکرێ، بۆیە بەشێکی زۆری دنیا لێیان بێخەبەرە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بەرزڕاگرتنی ١٠ی دێسامبر ڕۆژی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ساڵڕۆژی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، جارێکی دیکە پابەندیی خۆی بەو جاڕنامەیە ڕادەگەیەنێ و پێشێل کردنی ئەو جاڕنامەیە لە لایەن هەر تاک و گرووپێک بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکا، هەر لەو حاڵەدا پشتیوانی دەکا لە ماف و داواکانی هەموو زیندانییە سیاسییەکان کە بە هۆی بیروباوەڕی جیاواز لە ڕێژیم، بە زۆر لە زیندان کراون و هەموو ئەو نەتەوە و کەسانەی لە ئێران و باقی وڵاتانی جیهاندا مافیان پێشێل کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی

٩ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینی

## بەشداریی شاندێکی حیزب لە کۆنفڕانسی سەربەخۆیی کوردستان لە داهاتوودا، ڕووبەڕووبوونەوە و دەرفەتەکان

لە سەر بانگهێشتی فەرمیی زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب بە سەرۆکایەتی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدارییان لە کۆنفڕانسی «سەربەخۆیی کوردستان لە داهاتوودا، ڕووبەڕووبوونەوە و دەرفەتەکان»دا کرد.

بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان و دەرفەتەکان و ئەو بەربەستانەی لە بەردەم بەدیهاتنی سەربەخۆییدان، کۆنفڕانسێک بە بەشداریی بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان و دۆستانی کورد لە زانکۆی ئەمریکی - دهۆک دەستی بەڕێوەچوو.

کۆنفڕانسەکە لە پێنج پانێڵی جیاواز لە ماوەی دوو ڕۆژدا بەڕێوەچوو کە لە میانەیاندا تیشك خرایە سەر یاساکانی نێودەوڵەتی، مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد، ڕەهەندەکانی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان پاش سەربەخۆیی، هاوبەشیی ستراتیژیی نێوان ڕۆژئاوا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کێشە نێوخۆییەکانی کورد و سەربەخۆیی.

لە کۆنفرانسەکەدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هۆشیار زێباری، دوکتور بەرهەم ئەحمەد ساڵح، مەلا بەختیار، محەممەدی حاجی مەحموود و سەرۆکی بەشێک لە حیزبە شوێندانەرەکانی کوردستان، ئیسماعیل بێشکچی، نووسەری بەناوبانگ و دۆستی کورد، چەندین مامۆستا و کەسایەتیی سیاسیی کورد، زاڵمای خەلیلزاد و بێرنارد کۆشنێر و چەندین کەسایەتیی بیانیی دۆستی کورد بەشدار بوون.

هەروەها ڕۆڵ و شوێندانەریی وڵاتانی ناوچە، لەوانە ئێران و تورکیە و زلهێزە جیهانییەکانی وەک ئامریکا بەشێکی دیکە باس و خواستەکانی ئەم کۆنفڕانسەیە کە هەر کام لە بەشداربووان شرۆڤەی خۆیان بۆ ئەم مەسەلە خستەڕوو.

لە ڕۆژی دووهەمی ئەم کۆنفڕانسەدا بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکێک لە پانێڵەکانی ئەم کۆنفڕانسەدا سەبارەت بەم پرسانە ڕاوبۆچوونی خۆی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

# بەشداریی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی «یەکیەتیی پێشکەوتوو»

«ئاسۆ ساڵح» وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی یەکیەتیی پێشکەوتوودا کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی «یەکیەتیی پێشکەوتوو» Progressive Alliance بە بەشداریی نوێنەرانی زۆرتر لە ١٠٠ حیزبی سەرتاسەری جیهان لە شاری بێرلین، پایتەختی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

لەم کۆبوونەوەدا ئاسۆ ساڵح وەکوو نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری کرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا کۆنستانتین ڤۆینۆف، یەکێک لە پێکهێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە و بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە، باسێکی کورتی سەبارەت بە ڕەوشی جیهان بەگشتی پێشکەش کرد و گرینگیی ڕێکخراوی «یەکیەتیی پێشکەوتوو»ی لە پێناو گۆڕینی بارودۆخی جیهان شی کردەوە.

پاشان دوو نوێنەری ڕێکخراوی جیهانیی لاوانی سوسیالیست باسی چالاکییەکانیان تا ئێستای لە ڕێکخراوی «یەکیەتیی پێشکەوتوو»دا کرد و داوایان کرد کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و پێکهێنانی دادپەروەری و ئازادی لە سەرتاسەری جیهان، هاوکاریی هێزە ئازادیخوازەکان زۆرتر بکەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەدا، سیگمار گابرییێل، سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتیکی ئاڵمان سەبارەت بە کێشەکانی ڕێکخراوی سوسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو گوتی کە؛ ئەم ڕێکخراوە لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و هێزە دژە گەلییەکانەوە بەلاڕێدا براوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی خراپتر دەبێت، بۆیە پێویستە ئێمە لە ڕێکخراوی «یەکیەتیی پێشکەوتوو» ئەم بۆشاییە پڕ بکەینەوە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، هەندێک خاڵ سەبارەت بە بەرنامەکانی ڕێکخراوی «یەکیەتیی پێشکەوتوو» و چۆنیەتی پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوەیە خرانە بەر باس. نوێنەری حیزبی دێموکراتیش ڕا و بۆچوونی حیزبی لەم پێناوەدا خستنە ڕوو.

جێی ئاماژەیە کە گرینگیی ڕێکخراوی «یەکیەتیی پێشکەوتوو» لەوەدایە کە بەشێک لەو حیزبانەی کە ئەندامن، لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و دێموکراتەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و لە سەر ڕووداوە جیهانییەکان کاریگەرییان هەیە.

پاش ئەوەی هەندێک ڕێژیمی پاوانخوار و دیکتاتۆر، لەوانە ڕێژیمی ئێران، ڕێکخراوی سوسیالیست ئینترناسیۆناڵیان بەلاڕێدا برد و هەندێک کێشەیان لە نێو ئەو ڕێکخراوەدا پێکهێنا، ڕێکخراوی «یەکیەتیی پێشکەوتوو» ساڵی ٢٠١٣ لە لایەن ژمارەیەک لە حیزبە ئازادیخوار و دێموکراتەکانی جیهانەوە دامەزرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو حیزبێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز، هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا بە فەرمی بانگهێشت کرابوو و تا ئێستا چالاکانە لە پێگەیاندنی ڕێکخراوەکە بەشداریی کردووە. ئەم خاڵە بووە هۆی ئەوەی کە کۆنستانتین ڤۆینۆف بە شێوەی تایبەت سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و هیوای خواست هەر بەو شێوە درێژە بە چالاکییەکانی بدات.

## درێژەی پەیڤ

ئەرکی سەرەکیی پێشمەرگە بووە کە بە درێژایی دیرۆکی سەرهەڵدان، مەشخەڵی شۆڕش بباتە هەموو قوژبنێکی نیشتمان. بەڵام لە ئێستا و لەم سەدەیەی نوێدا و بە هەزاران ئاڵوگۆڕ لە بناخەکانی زانیاری و تێگەیشتنی کۆمەڵگا و ئامرازەکانی پێوەندی و .... ڕوویان داوە و بەتایبەت لە ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵاتدا، جیا لە پێشمەرگە، ئەرکی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگاشە کە مەشخەڵانی شۆڕش پڕ ڕووناکی و بەگوڕ و تینتر بکەن.

شۆڕشی نەتەوەیی دێموکراتیک، شۆڕشێکە بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە ئاسوودەیی بژین و شۆڕشێکە بۆ وەدەستخستنی ئازادی بۆ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای کوردستان. شۆڕشی نەتەوەیی دێموکراتیک، شۆڕشێکە لە پێناوی سەلماندنی کەرامەت و بوونی نەتەوەییدا و بۆیە بە دۆزینەوەی ڕێگا و میکانیزمی بەشداریی هەمەلایەنە دەتوانێ گەشەدارتر و لە سەرکەوتن نزیکتر بێتەوە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەبێ هەنگاو بە هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ، جوغرافیای شۆڕش و جوغرافیای نەتەوەیی هاوتا بکاتەوە.

# ئیسماعیل بێشکچی
# سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد

ئیسماعیل بێشکچی سیاسەتمەدار، نووسەر و ڕۆژنامەوانی ناسراوی تورک سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، ئیسماعیل بێشکچی سیاسەتمەدار، نووسەر و ڕۆژنامەوانی ناسراوی تورک بە یاوەریی ئیبراهیم گورپوس سەرۆکی سەنتەری ئیسماعیل بێشکچی، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە گەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنی کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا بێشکچی ئاوڕێکی لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی شەهید د. عبدولرەحمان قاسملوو، د. سادق شەرەفکەندی دایەوە و گەلێک بیرەوەری سیاسیی خۆی لەگەڵ د. قاسملوو باس کرد و ئەم ڕێبەرە گەورەیەی وەک مرۆڤێکی شوێندانەر لەسەر پرسی کورد و دێموکراسی ناوزەد کرد.

پاشان لەسەر باکووری کوردستان و پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕێبەرانی کورد و ڕێگەچارەی ئاشتیانەی پرسی کورد و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی تورکیە و ئەو دەنگانەی بزووتنەوەی کورد (HDP) لەو هەڵبژاردنانەدا بەدەستیان هێنا و دواتر بەهۆی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە بەینی (PKK) و ئەرتەشی تورکیە، ئەو پرۆسەیەی پەک خست دوا و گوتی؛ ڕێگەچارەی کۆتایی گەڕانەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانەیە.

لەو پێوەندییەدا ئیسماعیل بێشکچی ئاماژەی بە هەوڵەکانی د. عبدلڕحمان قاسملوو کرد کە زۆر بە وردبینییەوە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد هەوڵیدا و سیاسەتەکانی ڕەوایی بە پرسی کورد دا لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، و ڕێبەرانی کوردی باکووریش پێویستە لە دیالۆگ و وتووێژدا بە شێوەیەک بجووڵێنەوە کە پشتیوانیی ڕای گشتی بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و بیانوو بە دەوڵەتی تورکیە نەدەن ئاستەنگ لە ڕێگەی گەیشتن بە مافەکانیان پێکبێنێ. هەروەها سەبارەت بە گەیشتنی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دەسەڵاتی نەتەوەییان و کۆمەڵێک نەتەوەی دیکە لە ئاسیا و ئورووپا قسەی کرد، بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا وتی؛ من لەو باوەڕەدام خەباتی کورد بە ئامانجەکانی دەگا و وەدی هێنانی ئەم ئامانجانە، یەکیەتی و یەکڕیزیی گەلی کوردی پێویستە.

دوای ئەو باسە پڕنێوەرۆکەی ناوبراو؛ مستەفا هیجری گوتی؛ لە ڕوانینی ئێمەوە بۆچوون و نووسین و هەڵوێستەکانی بەڕێز بێشکچی کۆمەڵە بەهایەکن کە بۆ ئێمەی کورد و گەلانی مافخوازی دیکە جێی شانازییە و هیوادارین نموونەی ئەم کەسایەتییە مرۆڤ دۆستانە زۆر بن. بێگومان ڕوانگە و قوتابخانەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ نەوەکانی داهاتوویش کە خەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری و مافی گەلان دەکەن، ئەزموونێکی بەنرخن و وەک مێژوویەکی پڕ لە سەروەری دەمێنێتەوە.

دوای ئەو باسەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئیسماعیل بێشکچی لەسەر پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگە و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمەڵێک پرسیاری لە مستەفا هیجری کرد و لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی بەتایبەت لەسەر کار و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەم دواییەدا درایەوە. دواتر بێشکچی گوتی؛ هیوادارم بە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانتان، چوونکە خەباتی ئێوە مێژوویەکی درەوشاوەی هەیە، هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدەوە تا ئێستا، و حیزبی ئێوە دەتوانێ ڕۆڵی مێژوویی لە پرۆسەی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگێڕێت.

لە کۆتایی ئەو باسەدا جارێکیتر مستەفا هیجری سپاسی بێشکچی کرد بۆ سەردان و بەسەر کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی زیاتری لە خزمەت کردن بە ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری و داکۆکی کردن لە کورد بۆ گەیشتنی بە مافەکانی کرد، و هەروەها ئیسماعیل بێشکچیش سەبارەت بە ڕوونکردنەوەکانی بەگەرمی سپاسی مستەفا هیجری کرد.

# پۆلێکی دیکە لە لاوانی ڕۆژهەڵات
# پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون

پۆلێک لە لاوانی بەهەڵوێستی کوردستانی ڕۆژهەڵات پاش تێپەڕاندنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە جلی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد و پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتوانەی دەورەی ٢٢٢ی هێزی پێشمەرگە کە بە دەورەی «شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە» ناودێر کرابوو، لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە کە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و فەرماندەکانی هێزی تایبەت و بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر محەممەد ساحێبی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەشداربووانی دەورە، بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە ئاخاوتنەکەیدا پاش ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی گشتیی ئێران و کوردستان باسی لە پێویستیی دەرفەت خوڵقاندن لە ئێرانی ئێستادا کرد و وتی: پێویستە لەسەر ئێمە وەک پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆمان بەتەواوی مانا ئامادە بکەین بۆ ئەوەیکە دەرفەت بخوڵقێنین، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بتوانین بە مافە زەوتکراوەکانمان بگەین.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا محەممەد ساحێبی پڕژایە سەر ئەرکی تاکە دەروەست و بەهەڵوێستەکانی کۆمەڵگا لەبەرانبەر ئەم قۆناغە نوێیە لە خەبات کە بە ڕاسان ناسراوە و وتی: بۆ گەیشتن بە مافە زەوت کراوەکانمان پێویستە تاکە دەروەستەکانی کۆمەڵگا پەیوەست بە خەبات ببن و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەکرێت یارمەتیدەری ئەم خەباتە بن.

پاشان ڕاپۆرتی ئاموزشی دەورە لەلایەن «فاروق حەسەن خەیات» و پەیامی دەورەی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە لەلایەن»زانیار چوپانی» بەشداربووی دەورە خوێندرایەوە.

بەپێی نەریتی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزب، یەکەمەکانی دەورە لەباری نەزم و دیسیپلین و هەروەها تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکان، لەلایەن بەڕێزان خوشکە ڕووناک فەتحی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و ڕەحیم مەنگوڕی فەرماندەی هێزی تایبەتی حیزب، خەڵات کران.

پێویست بە ئاماژەیە کە نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بە خوێندنی چەند سروود و شێعری شۆڕشگێڕانە لەلایەن بەشداربووانی دەورەی ٢٢٢ ڕازێندرابوویەوە.

## دوازدەهەمین فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات بەڕێوەچوو

وەک نەریتی هەموو ساڵێک، ئەمساڵیش بۆ پێشوازی لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، فێستیڤاڵی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە شاخەکانی کوردستان لە نێوان سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور، ١٢هەمین فێستیڤاڵی پێشمەرگە لە ژێر دروشمی «ڕاسان ئیرادەی هەرمانە»، لە فەزایەکی تەژی لە هاوکاریدا بەڕێوە چوو.

فێستیڤاڵەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی کورد و کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی ڕاسان دەستی پێکرد.

فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ماوەی ١٢ ساڵە لە نێو ئۆرگان و کۆمیسیۆنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە دەچێت؛ جیاوازیی فێستیڤاڵی ئەمجارە لەوەدا بوو کە؛ ئەم فێستیڤاڵە بە بەشداریی بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە دەسپێکدا و بۆ کردنەوەی فێستیڤاڵەکە، هاوڕێ شۆڕش ئیبراهیمی کادری هێزی تایبەت، باسێکی کورتی لە سەر مێژووی ٢٦ی سەرماوەز و مێژووی فێستیڤاڵی پێشمەرگە پێشکەش بە بەشداربووانی فێستیڤاڵەکە کرد.

پاشان هاوڕێ ڕەفیق میری کادری سیاسیی هێزی تایبەت باسێکی کورتی لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کێبڕکێکە و بڕگەکانی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و ئاماژەی بە گرینگیی هەستی هاوکاری و ڕۆحیەی وەرزشی لە شۆڕشدا کرد.

ئەم فێستیڤاڵە پێکهاتبوو لە ٣ بەشی سەرەکی کە بریتین لە: بەشی سیاسی، بەشی نیزامی و بەشی وەرزشی.

لە بەشی سیاسیدا بەشداربووان لەبوارەکانی مێژووی حیزبی دێموکرات و بەرنامە و ئەساسنەمەی حیزب کەوتنە کێبڕکێوە.

لە بەشی نیزامیدا تاقیکاری بۆ تیرهاوێژی، جەولەی نیزامی، شاخەوانی و کردنەوە و بەستنەوەی چەکی کلاشینکۆف ئەنجام درا.

لە بەشی وەرزشیشدا پێشمەرگەکانی بەشدار بە شێوەی تیمی لە بوارەکانی والیباڵ و فووتباڵ کێبڕکێیان کرد و بە شێوەی تاکەکەسیش لە یاریی شەترەنجدا کێبڕکێیان ئەنجام دا.

ئەم فێستیڤاڵە ماوەی ٧ ڕۆژی خایاند و پاش دەرکەوتنی ئاکامەکان، ئەو کەسانەی کە لە هەرکام لە بوارەکاندا پلەی یەکەم تا سێهەمیان وەدەستهێنابوو لەلایەن کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبەوە خەڵات کران.

ناوی سەرکەوتووان لە هەر کام لە بەشەکاندا بریتی بوو لە:

بەشی مێژوو: پلەی یەکەم؛ عومەر فەخرەدین‌فەر، پلەی دووهەم؛ سیروان ئەحمەدی

بەشی بەرنامە و ئەساسنامە : پلەی یەکەم؛ عومەر فەخرەدین‌فەر، پلەی دووهەم، حیسام سولەیمانی

بەشی تیرهاوێژی: پلەی یەکەم؛ دیاکۆ ئاغاز

بەشی شاخەوانیی کوڕان : بەهمەن قاسمی

بەشی شاخەوانیی کچان: شادی ڕەهگوو

بەشی یاریی شەترەنج: بەهمەن قاسمی

بەشی یاریی والیباڵ: تیمی پێشمەرگە

بەشی ڕیزگۆڵ : تیمی قەندیل

بەشی کردنەوە و بەستنەوەی چەک: سەرکەوت دەروێشی

هەروەها هاوڕێ شەریف یاکن پێشمەرگە و بەشداربووی فێستیڤاڵ وەک یاریزانی بەئەخلاق دیاریکرا.

## کۆنفڕانسی حیزبە سوسیالیستەکان لە سلێمانی بەڕێوەچوو



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە شاری سلێمانی کۆنفڕانسی حیزبە سوسیالیستەکانی ئورووپا، حیزبە سوسیالیست و دێموکراتەکانی جیهانی عەرەبی لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشداریی لەو کۆنفڕانسەدا کرد.

مەبەستی سەرەکیی ئەو کۆنفڕانسە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێز و لایەنە سیاسییەکان و ئەندامانی پارلمانی ئورووپا و حیزبە سوسیالیستەکانی جیهان وێڕای هێز و لایەنە سیاسییەلانی هەر چوار بەشی کوردستان بەشداربوون، ئەوە بووە کە؛ لە ڕێگای چەندین پانێلەوە، کۆڕگێران لە ڕوانگەی هێزە سیاسییەکانی خۆیانەوە گرفتەکانی بەردەم یەکلایی کردنەوەی ململانێکان، پارێزگاری لە ئازادییەکان لە هەڕەشەی تێرۆر، پاراستنی پەنابەران و پتەوکردنی دێموکراسی لە جیهاندا تاوتوێ بکەن.

لە کۆتاییدا کۆنفڕانسە بۆ چۆنیەتی پتەوکردنی دێموکراسی و چلۆنایەتیی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چۆنایەتی بەدی هاتنی،تەرخان کرابوو.

کۆڕگێرانی ئەو بەشە هەرکام لە ڕوانگە و بۆچوونی خۆیانەوە باس و بابەتەکانیان خستە ڕوو و وتاری کۆتایی لە لایەن سێرگی ستانیشیف، سەرۆکی پارتە سوسیالیستەکانی ئورووپا پێشکەش کرا.

لەو کۆنفڕانسەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و کەسایەتییەکان دیداریان کرد.

## جێژنی ٢٦ی سەرماوەز لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو



بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان مەراسمێکی بەشکۆ لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، بە بەشداریی کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و میوانانی ئەم ڕێوڕەسمە، ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بە تایبەت شەهیدانی ڕاسان دەستی پێکرد.

پاشان بەهمەن دێهقان، سەرتیپی ناوەندی ٣ی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامێکی پێشکەش بە ئامادەبووانی ئەو ڕێوڕەسمە کرد.

دواتر سروودی «پێشمەرگە تۆ سەنگەری» لە لایەن کۆڕی هونەریی ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکرات پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

پەخشانی «هێڵی سوور» هۆنراوەی مامۆستا «بێبەش»، لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا لە لایەن ناوبراوەوە پێشکەشی بەشداربوان کرا.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا خاتوو «شەیدا عەبدوڵلاپوور»، پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، منداڵانی ناوەندی ٣ی کوردستان سروودێکیان لەژێر ناوی «من پێشمەرگەی کوردستانم»، و هەروەها «شەهریبان دێهقان»، پەخشانێکی بە ناوی «بۆ پێشمەرگە» پێشکەش کرد.

کۆتایی ڕێوڕسمەکە بە هەڵپەڕکێی بەشداربوان کۆتایی پێها ت.



# کوردستان
# ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە دەگرێت

خەڵکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

● پیرانشار:

قارەمانانی دێموکرات لە شاری پیرانشار، شەوی ٢٢ لە سەر ٢٣ی سەرماوەز لە گوندەکانی: «هەنگەوێ، شختان، بازرگان، باستام بەگ، کونە کێچ، قەڵات، شارستێن، حوجران، خرێ ئاغەڵان ،هەر دوو باوەڵە، قەبری حوسێن، شیوەمێرە، کانی شینکە، گەسگەسکی مەنگووڕ، قوادبەگیان، ترکەش، کەوپەر، ئاوخوارده، بێکۆس، گرد شەیتان، کانی ئەشکەوت، بادیناوەی مەنگووڕ و پیران، گرد ڕەحمەت، چیانە، کارخانەی قەند، بندرێ، کەڵەکین، پەسوێ و گردکشانە و هەروەها لەنێو شار لە شەقامەکانی: خومەینی، کاسەکەران، کەمەربەندیی کۆنەخانێ، ٢٤میتری، ١٦میتری، ٣٢میتری، مەنگووڕ، پیران، دوکتور قاسملوو، دۆنەخۆر، کانی جو، مەلا ڕەزا، ئیسارگەران و لە گەڕەکانی فەرهەنگیانی ١و ٢و٣، نوقتەی A و B و C، شەهرەک سەنعەتی، مزگەوتەکانی چواریاری نەبی، دۆنەخۆر، مەلا شەفیع، قودس، جامعەی قەدیم و جەدید، ئیمام خەلیل، عایشە، حەزرەتی عوسمان، حەزرەتی ئیسماعیل، قوتابخانەکانی شەوانەڕۆژیی کچان، کەوسەر، سدوقی، ئایەتوڵڵا کاشانی، تاڵەقانی، مامۆستا هەژار، کار و دانش، حیجاب و لە کۆڵانەکانی شەبنەم لە یەک تا ٢٣، باران ، قەڵەم، قەدەم، قدو، تەوحید، نەستەرەن، تەندیس، ژاڵە، یاران ، کوردستان، کەوسەر، یارانی یەک تا ٨، کامل، کازیوە، کارزان و زۆربەی کۆڵانەکانی نێو شار و هەروەها کەلانتەریی ١١ و ١٢، ئاگاهی، ئیتلاعاتی سیاسی و هەنگی مەرزی زیاتر لە ٣٢٠٠ تراکت و ١٧٠٠سی دی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز بڵاو کراونەتەوە.

هەروەها ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی بەری مێرگان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز دەستیان دایە چالاکی تەبلیغی و لەو شوێنە کە شەهید ڕەحیم گەرگولیی لێ شەهید بووە، پۆستێرێکی تایبەتیان بە نیشانەی «چەکی دەستی شەهید ڕەحیم ناکەوێتە سەر زەوی» لە چەند شوێن هەڵواسیبوو.

لە جادەی سنووریی حاجی عومەرانیش کە جادەی سەرەکیی بۆ گومرکی تەمرچینە و هاتوچۆی هەموو موسافیر و ترانزیتەکانی بەسەردا هەیە، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد.

هەروەها لە شەقامی بە ناو خومەینی، پردی کۆنەخانێ، زەرگەتەن، شیناوێ، دەوروبەری تالاری خەیام، فەلەکەی کەشاوەرز، کۆنە خانێ و بە تایبەت لە مزگەوت و مەدرەسەکان، تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

● سەقز:

گەڕەک و شەقامەکانی نەشمیلان، حاجی‌ئاوا، ٣٢ میتری، ئوستادشیرازی، کوشتارگا، شافێعی، گەڕەکی ماڵی ئیمام جومعە، کەریم‌ئاوا، ساڵح‌ئاوا، ناوبازاڕ، دەبیرستانەکانی ئەندیشە، ئیقباڵ لاهووری و خومەینی، زانکۆی ئازاد.

هەروەها لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی گوندەکانی چۆمەڵوو، تۆمارقامیش و چاخلوو و لە ناوچەی گەورک و لە گوندی کێلەشین تراکت و پۆستێری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و هەروەها وێنەی پێشمەرگە و ڕاسانیان بڵاو کردووەتەوە.

ئەم چالاکییانە لەکاتێکدا بەڕێوەچوو کە هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم، خۆیان بۆ دەستبەسەرکردنی ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە کاتی چالاکیی تەبلیغی‌دا ئامادەکردبوو، بەڵام ئەو هەوڵەی ڕێژیم نەزۆک مایەوە.

شایانی باسە کە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گرتەیەکی ویدیۆیی‌دا پەیمانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە.

● ورمێ:

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری ورمێ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین جار ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت و لە شەقامی حەسەنی، شێخ شەڵتووت، مەیدانی ئیمام عەلی، پارکی دانشجوو و شەقامی وەلفەجر، شارەکی دانیشگا، شارەکی سپا، تەرزیلوو و ئیسلام ئاباد، شارۆچکەی تەرزیلوو، شەقامی ئێحسان، شەقامی عەتار، شارۆچکەی ئابیاری، شارۆچکەی دانشگا، مەیدانی کارگەری ئابیاری، دەوروبەری مەنبەعی ئاوی تەرزیلوو و گەڕەکی «گل یخ»، گوندی فلکانی سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ، دەوروبەری قوتابخانەی فلکان، ڕێگای نێوان فلکان – دزێی مەرگەوەڕ و هەروەها ڕێگای نێوان فلکان – باوان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها ئەویندارانی ڕێبازی شەهیدان لە گوندی «کانی دەستاڕ»ی سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ و گوندی خۆراسپ و گوندی ژارئاوا، باراندوز، جورن، حسوکەندی، وەرمەزیار، ئەنگەمان، یەکماڵ، سیدەکانی برادۆست، کرنک، کوشتارگاه، جادەی ورمێ ـ مەرگەوەڕ، جادەی ورمێ ـ شنۆ، جادەی ورمێ ـ باڵانیش بە نووسینی درووشمگەلی تایبەت بە ڕاسان و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە، پێشوازیی گەرمیان لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە دزەی مەرگەوەڕ لە بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەزدا، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرفراوانی تەبلیغاتی، پشتیوانیی خۆیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات و ڕق و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ لە ئێران، دووپات کردەوە.

ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان لە دزەی مەرگەوەڕ، بە نووسینی درووشمی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز، سەرەڕای پشتیوانی لە «ڕاسان»ی ڕۆژهەڵات، پێشوازییان لە٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

لەو چالاکییەدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بە نووسینی دروشمی وەکوو «دزەی دێموکرات قەڵای ڕێبازی قاسملوویە»، «دێموکرات ئاڵاهەڵگری ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە»، «مەرگ و نەمان بۆ ویلایەتی فەقیهـ و بژی دێموکرات» و «خوێنی دێموکرات لە دەمارەکانماندایە»، پیرۆزبایی ٢٦ی سەرماوەزیان لە پێشمەرگە و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندەکانی گێسیان و گوندی گردوانی لە چالاکییەکی بەرفراواندا، بە نووسینی درووشمگەلی وەک، «ئێمە لاوانی شار چاوەڕوانی بڕیاری شاخین»، «بژی حدکا، بژی ڕاسان، بژی پێشمەرگە»، «پیرۆز بێت ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان»، هاوکات لەگەڵ پشتیوانی دەربڕینی خۆیان بۆ ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ئەو ڕۆژە پیرۆزەیان لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات پیرۆز کرد.

هەر لەو چالاکییەدا هاوکات لەگەڵ نووسینی درووشمی شۆڕشگێڕی، ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان لە گوندی گێسیان، تەواوی ئەو درووشم و نووسراوانەی کە لە لایەن سپای پاسداران و دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیمەوە لە نێو گوندی گێسیان نووسرابوون، ڕەش کردنەوە.

● نەغەدە:

قارەمانانی دێموکرات لە شاری نەغەدە بە بۆنەی ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی ئاڵیاوێ و گوندی چەقەڵ مستەفا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بە دروشمی وەک «سڵاو لە □ ڕێبەری شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکندی، سڵاو لە شەهیدانی ڕاسان، سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان، سڵاو لە زیندانیانی سیاسیی خۆڕاگر و کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕێزیان لە ڕۆژی پێشمەرگە گرت.

● شنۆ:

ئەویندارانی دێموکرات لە شاری شنۆ بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لە گوندەکانی نەرزیوێ، حەسەن نووران و پرداوێ، هەروەها لە نێو شار لە گەڕەگی سەلیم‌ئاوا، سەیداوێ، مزگەوتی هەمزە، مەلاتەها و بازاڕی حەیوانان تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

● سنە:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغاتی و نووسینی درووشمی تایبەت، لە بلواری کوردستان، مەیدانی ئیقباڵ، پارکی سپیدار، شەقامی حەسەن‌ئاوا، حاجی‌ئاوا، چواردیواری، نزیک پادگان، موارەک‌ئاوا، ٥ی ئازەر، گەڕەکی ٢٥، زانکۆی ئازادی ئیسلامیی سنە، کانی دووشەم، شەقامی نەمەکی، گۆڕەپانی مادەر، گەڕەکی ئاغەزەمان، شەقامی سیرووس، گەلەخان، تەپەی بەهارمەست، تەکیەی شێخ هادی، شەقامی ١١ میتری، مەیدانی نەبووەت، شەقامی گوڵشەن، شەقامی تاڵەقانی، سپوورئاوا، و لە نێوشار لە پشتی ساڵۆنی تەختی، شەقامی فەرەح و گەڕەکی فەرەح بە گشتی، شەقامی زانکۆی کوردستان، جادەی دانشگا بەرەو قەرەیان، گەڕەکەکانی قەرەیان،بەهارانی ١-١٧و بەهارانی ٤-١٩، دانشگای پەیامی نوور، شەهرەکی پەیام لە مەسیری بەهاران، شاڵمان، شەهرەکی زاگرۆس، گەڕەکەکانی کشاوەرز، غەفوور، کەلانتەریی ١٦، شەهرەکی سەعدی و شەقامی تاج، پێشوازیی گەرمیان لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان لە مزگەوتی جامیعە، قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی، شیرکەتی گاز، دێهیاری، شیرکەتی نەوت، بێهداشت، موخابەرات، تەعمیرگاکانی گوندی تەنگیسەر و دووکانەکانی نێو گوند، بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لەو گوندە دروشمی تایبەت بەو ڕۆژەیان نووسیوەتەوە.

● کرماشان:

ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات بۆ جاری چەندەم لە پارێزگای کرماشان لە بەرزاییەکانی تاقەوسان بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکییان بەڕێوە برد و ئاڵای کوردستانیان لە بەرزاییەکانی تاقەوسان هەڵکرد.

● کامیاران:

شەوی سێ‌شەممە ٢٣ی سەرماوەز لە سەر چوارشەممە ٢٤ی سەرماوەز، قارەمانانی تەشکیلاتی نهێنیی شاری کامیاران بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە بە بڵاو کردنەوەی ٥ هەزار پۆستێری حیزبی سەبارەت بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات، چالاکیی بەرینیان لە نێو کوچە و کۆڵان و گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارە بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغی تێدا کراون بریتین لە:

شەقامی شەهید دوکتور قاسملوو، شەقامی سەرەکی، شەقامی کامیاران، هەواشناسی و شەقامی بەهار، نەخۆشخانەی سینا، شەهرەکی بێعسەت، شەشەمی بەهمەن، پارکی موعەلم، مەکتەبی نەواب سەفەوی، شەهرەکی خومەینی، جادەی وەرمەهەنگ، تێرمیناڵی ترۆەڕێز، چوارڕای ئەسڵیی شار، جادەی سنە، ڕووبەڕووی کەلانتەریی ١١٠ و مەکتەبی ١٧ی شەهریوەر، مزگەوتی جامیعە، مزگەوتی ئیمام حسێن، مزگەوتی خومەینی، مزگەوتی ئیمام عەلی، مزگەوتی عومەری فارووق، مزگەوتی پاڵنگانیەکان، مزگەوتی محەممەد ڕەسووڵڵا، مزگەوتی تفێیەکان و دێوەزناوییەکان، مزگەوتی خولەفای ڕاشدین، مزگەوتی حەزرەتی هەمزە، مونتەزری، تەعریف، سولەیمان خاتر، شاهێد، موعەلم، شەهریار، ١٧ی شەهریوەری ١ و ٢، حەکیم ١و٢، شەهرەکی موعەلیم، ئوستاد موعین، شەهرەکی مێهر، شەقامی خومەینی، جادەی شێروانە، جادەی سنە ـ کرماشان، جادەی ترۆەڕێز، دوازدە میتری، جادەی ئەڵک و وەرمەهەنگ، تەپەی نیزامیی پیرمحەممەد، چوارڕێیانی ئەسلیی کرماشان ـ سنە، تێرمیناڵی تەرۆەڕێز و کەمەربەندی، فەرهەنگ سەرا، سازمانی ئاو، دایەرەی گاز و دایەرەی هێلالی ئەحمەر، دەوروبەری دادگاه، هەروها گوندەکانی وەرمەهەنگ، ئەڵک، ئەڵکە کۆن، پشتە، دەرویان، سەراوکام، سەید ئیسماعیل، هەیبەت‌ئاوا، سەر چەم و شەهرەکی وەرمەهەنگ چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە سپای تێرۆریستی پاسداران و ئیتلاعاتی ڕێژیم بۆ وەدواکەوتنی ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێزی سەرکوتکەری خۆیانیان لە نێو شار سازماندیی کرد، بەڵام هەوڵەکانیان پووچەڵ مایەوە.

ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات پەیمانیان لەگەڵ حیزب و شەهیدانی ڕاسان نوێ کردەوە و سوێندیان بە گڵکۆی شەهیدان خوارد کە تا دوایین هەناسە و دوایین دڵۆپەی خوێن پێشمەرگە بمێننەوە و درێژەدەری ڕێگای شەهیدانی حیزب و گەل بن.

● مەریوان:

ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات لە شاری مەریوان بە بۆنەی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە چوارڕێیانی شەبڕەنگ، مەیدانی ئیستادیۆم و وروودیی زرێبار بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ڕێزیان لەو ڕۆژە گرت.

هەروەها شۆڕەسوارانی دێموکرات لە گوندی نێ بۆ پێشوازی لە ٢٦ی سەرماوەز، شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ی سەرماوەز ئاڵایەکی گەورەی کوردستان هەڵکرا و هەروەها سەرلەبەیانییش تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات چەندین تەقەی شادییان کرد.

هەڵۆکانی باوەمیر لە ناوچەی خاو و میراوای مەریوان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە جادەی مەریوان - باشماخ، سێڕای جەژنیاوا، بازاڕچەی کوڵبەریی کارێز، ئاوایی خانمەکۆن، شارەدێی ئەویهەنگ، جادەی دەرەوەران، سێڕای کیکن، سێڕای نەچێ، سەیرانگەی بێلوو، بەر پاسگای بەردەڕەش و چوارڕێیانی شەبڕەنگ و نێو زانکۆی ئازادی مەریوان بە دروشمی تایبەت، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت و هەڵۆکانی باوەمیر جارێکیتر ئامادەیی خۆیان بۆ درێژەدانی ڕاسانی دێموکرات و هەر بڕیارێکی حیزب دەربڕی.

هەروەها شەوی ٢٤ی سەرماوەز ڕێبوارانی بە ئەمەگی حیزب لە سەر جادەی سنە مریوان و لە ئاوایی نگڵ تا سنە تراکتی حیزبیان بە تابلۆی دێهاتەکان و سەر جادەکاندا داکوتاوە.

● بۆکان:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆکان بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

شەقامەکانی بێهزیستی واتە سەر ڕێگای زانکۆی پەیامی نوور، قوتابخانەی «طلوع آزادی»، دەوروبەری بیمارستانی کۆن، نزیک سۆنای ئابشار، پردی ژێرگوزەری پارکی ساحلی، سەفی گازی تێرمیناڵ، قوتابخانەی عەبدولڕەحمان سالمی و بڵواری پردی کۆبانی تا پارکی ساحلی، ئەو شوێنانە بوون کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە.

وەفادارانی ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆکان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئاڵای کوردستانیان لە سەر کێوی بەردەزەرد ڕوو بە شاری بۆکان و هەروەها لووتکەکانی ئاڵەشین، مەدرەکان و لووتکەی دەکەڵی موخابرات هەڵکرد.

بەرەبەیانی ٢٦ی سەرماوەزیش، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی «ئاڵەشین و ئەحمەدی کوڕ»، و گوندەکانی مەلالەر، ئەسپۆغە، شارەدێی ڕەحیمخان و ئاڵێکەند، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

● پاوە:

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پاوە بۆ ڕێزگرتن لە قارەمانییەتی و خەباتی پێشمەرگەی کوردستان لە نێو شاری پاوە، پەروەردە و بارهێنانی کۆن، دەوروبەری نەخۆشخانە، جادەی دووسایدی نەخۆشخانە بۆ پاوە، تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

● مەهاباد:

قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە چەندین شوێنی ئەو شارە وەک شەقامی موکریان، فەرهەنگیان، مەحموودکان، تەپەی قازی، زەوییەکانی شارەداری، شەقامی زانکۆی پەیام‌نوور، مەیدانچەی حەسەنزادە، کوچەی خانەقا، وروودی تاقەدار، شەقامی پەرستار، بەری شیلانان و بەری مەدرسە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

# پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی به بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە

**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان**
**میوانانی هێژا**
**بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی**

بەخێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی ڕۆژێک کە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە فیداکارترین و ئەمەگناسترین ڕۆڵەکانی گەلی کورد دیاری کراوە و ئەویش پێشمەرگەی کوردستانە.

حەفتاویەک (٧١) ساڵ لەوەپێش، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا و لە شاری مێژووسازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری مەهاباددا، ئاخرین بنکە و سەکۆی داگیرکەران و مرۆڤکوژانی ڕەزاشای پەهلەوی، بە دەستی ڕۆڵەکانی گەلی کورد گیرا و داگیرکەران لە کوردستان ڕاونران و بە تەواوی دەرپەڕێندران.

هەر لەو ڕۆژەدا و بەدەستی ئەو ڕۆڵە خۆنەویستانە، ئاڵای داگیرکەران هێنرایە خوار و بۆ یەکەمجار ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە سەر بڵیندترین بینای شاری مەهاباد هەڵدرا، ئەو حەرەکەتە سەمبۆلیکە بوو بە بناغەی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی و پێکهێنانی سپای کورد و وەدیهاتنی ئاواتی سەدان ساڵەی نەتەوەیەک کە بە درێژایی دیرۆکی خۆی بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ چاوی لێ بکرێت، وەک نەتەوەیەک لەسەر خاکی خۆی ژیان بکا و بۆ ئەوەی مەوجوودیەتی خۆی بپارێزێ، هەوڵی داوە و چەرمەسەریی کێشاوە.

ئەم نەتەوەیە بە درێژایی بەشێکی زۆری مێژووی، سەرکوت کراوە، بێسەروشوێن کراوە، لەسەر ماڵ و خاکی خۆی دەرکراوە، تاڵان و ئێعدام کراوە، بەندیخانەکانی داگیرکەران لێوانلێو بوون لە ڕۆڵەکانی، و بە ئێستاشەوە لە هەر چوار دەوری کوردستان دوژمنانی هەردەم لە پیلاندان تا بەچۆکیدا بێنن.

ڕووداوی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی (بەرانبەر بە ١٩٤٥ی زایینی) هەموو ئەو پیلانانەی پووچەڵ کردەوە و کورد نەتوایەوە. بە هۆی بوونی هزری ئازادیخوازی و بوونی پێشمەرگەی کوردستان، خەباتی کورد لەسەر ڕێبازی خۆی سوورە، و دوژمنانی ناهۆمێد و بێهیوا دەکا.

هەتا ئێستاش هیچ حکومەتێکی سەرەڕۆ و ستەمکار نەیتوانیوە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گرینگ بۆ خۆی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا دروست بکات، چوونکە کورد ئەو دەوڵەتانەی بە داگیرکەر چاو لێ کردوون و ئەوانیش کوردیان بە بێ فەرق و جیاوازی بە دوژمن زانیوە.

لە مێژووی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لە هەر گۆشە لە خاکی وڵاتەکەمان، گەر دەرفەتێک ڕەخسابێت، شۆڕشی کورد سەری هەڵداوە و بەگژ دوژمناندا چۆتەوە، کە ئەو ئامادەیی و قارەمانیەتی و ئازایەتییەی کورد بووەتە هۆی ئەوەی کە دوژمنان هەمیشە ترسیان لە کورد هەبووە و هەیە.

بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە لە حەوت دەیەی ڕابردوودا، بەڵگەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییانەن، بۆیە حیزبی دێموکرات ٣٢ ساڵ پێش ئێستا، بە لێکدانەوەی ئەو مێژووە پڕشنگدارەی پێشمەرگە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز کە هاوکات ڕۆژی هەڵدانی ئاڵای کوردستانیشە، بە ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کردووە و پێشنیاریش دەکا تا لە سەرتاسەری کوردستاندا پەسەند بکرێت.

**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛**

لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پاشان شۆڕشی ٤٦- ٤٧ و دوایی هەتا دەگاتە شۆڕشی گەلانی ئێران، پێشمەرگەی کوردستان خەویان لە چاوی ڕێژیمی ملهوڕی پەهلەوی زڕاندبوو و دوورگەی ئارامیان لێ تێک دابوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەشداریی کورد لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا، هیوایەک پەیدا بوو کە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بە مافە ڕەوا و بەرحەقەکانی خۆی بگات، بەڵام هەر زوو هێرشی کۆنەپەرەستی بۆ سەر کوردستان ئەو هیوا و ئومێدەی لەناو برد و بۆ جارێکی دیکەش ڕۆڵی پێشمەرگە لە بەرەنگار بوونەوەی هورووژمی کۆنەپەرەستی و داگیرکەری تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیدا، نیشانی دا کە کورد ئەو لایەنە نیە بۆ دوژمن سەردانەوێنێ.

پێشمەرگە بەسادەترین چەک کە لەدەستیدا بوو، توانیی قورسترین زەربە لە هێزی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە فەرمانی جیهادی دژ بە گەلی کورد دابوو بدا، چوونکە پێشمەرگە لە شاخ و دەشت، لە گوند و شار، لە هەر قوژبن و کونجێکی ئەم نیشتمانە داگیرکراوەدا، بە وره و ئیرادەی بەرزی ژیاندۆستی و دوژمن تۆقێنیەوە، بەرەوڕووی هێزی دڕندە و سەرکوتکار و دژە مرۆیی دوژمنانی کورد و کوردستان بۆتەوە و بست بە بست و بەرد بە بەردی ئەم کوردستانە شاهیدی قارمانیەتیی پێشمەرگە بوون و ماڵ بە ماڵی نیشتمان مەتەرێز و حەشارگە بوون بۆ پێشمەرگەی ڕێبازی سەربەرزی و سەربەستی.

دوای بیست ساڵ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جووڵەی پێشمەرگانەی لە ڕۆژهەڵات ڕاگرت تاکوو باشووری نیشتمان باڵا بکات؛ دوای بیست ساڵ کە پێشمەرگەی چاونەترسی کوردستان تەقەیان ڕاگرت تاکوو دەرەتان بە دەنگی سیڤیل بدرێ، بەڵکوو ڕێژیمی ئیسلامیی تاران دەنگی گەل ببیسێ؛ دوای بیست ساڵ کە ڕێگای جۆربەجۆری خەبات تاقی کرایەوە؛ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ جارێکی دیکە و لە شێوازی دیکەدا بە بڕیاری سەرکردایەتیی خەبات و شۆڕش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێی خستەوە سەر ڕژدە ڕێگەکانی هەڵزنان بە باڵای شاخدا و داگەڕان بە ڕێگای باخدا تاکوو بڕژێتەوە نێو دڵی گەل و لەگەڵ ئەویندارانی ئازادی بچێتەوە جێژوانی خەبات و خۆڕاگری.

لە ئاخرەکانی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات پێی وابوو کە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی وا دەخوازێ کە چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵات ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنێ و خەباتی چەکداری بە شێوەیەکی کاتی بوەستێندرێ تاکوو بیانوو بە دەستی ڕێژیمی ملهوڕ و سەرکوتکاری کۆماری ئیسلامی نەدرێ کە سنوورەکانی باشوور پێشێل بکات و ئەزموونی ساوای دەسەڵاتداری لەباشوور پەک بخات.

هەر لە هەمان کاتدا دەنگۆ و ئیدیعای ئەوە دەکرا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەوتی ئیسڵاحتەڵەبیی تێدا دروست بووە و کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بیەوێ مافی خەڵک بدا و چالاکیی چەکداری دەبێتە بیانوویەک بۆ قۆڵی توندئاژۆ تاوەکوو لە کوردستاندا هیچ نەکەن.

ئێستا دوای بیست ساڵ کە ئاوڕ لە کردار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دۆخی ناوچە دەدەینەوە، دەبینین کە کۆماری ئیسلامی نەک لەو دەرەتانە بیست ساڵەیە بۆ چارەسەریی کێشەی کورد کەڵکی وەرنەگرت، بەڵکوو کێشەکەی قوڵتر کردۆتەوە و سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوە و پاکتاوی فەرهەنگی و ناسنامەیی توندتر و پیلانداڕێژراوتر بەڕێوە بردووە و نەک تۆزقاڵێک مافی لە کوردستاندا دابین نەکردووە، بەڵکوو کوشتن و ئەشکەنجە و ئێعدام و زیندانی کردن و بێکار کردن و لە هەژاریدا هێشتنەوە و تووش کردن بە مادده سڕکەرەکان و دەیان پیلانی دیکە بە دژی کورد و نەتەوەکانی دیکەی لە ئێراندا بەڕێوە بردووە و بە قۆڵی توندئاژۆ و ئیسڵاحتەلەب و نێوەندگیر و بەهەر هەموویانەوە، تەنیا هەوڵی فریودانی چالاکان و خەڵکی کوردیان داوە.

بیست ساڵ خەباتی چەکداری ڕاگیرابوو، بەڵام کوردستانیان وێرانتر دەکرد و کوشتاریان زۆرتر دەکرد و هیچ دەرەتان و سێناریۆیەکیان بۆ بەشداریی مەدەنیانەی خەڵکی کورد لە بەڕێوەبردنی ئاسایی شوێنی خۆشیاندا نەدا. کۆماری ئیسلامی تەنیا سەرکوت و کوشتار و ئێعدام و سووکایەتی کردنەکانی بوون بە ئەمری واقیع!

هەر بەنیسبەت کوردستانی باشووریشەوە، کۆماری ئیسلامی نەک ڕێزی لە سنوور و سەروەریی باشوور نەگرت، بەڵکوو هەتا نێو ماڵی حیزب و لایەنە سیاسییەکان چووە پێش و هەوڵی دا کە لە هەموو شتێکدا دەستێوەردان بکا و هەموو هێزەکان بەگژ یەکدا بکا و لە نێوخۆی هێزەکانیشدا گرووپ و دەستەی جیاوز بەگژ یەکدا بکا، تاکوو هەر لە ئاکامدا هەموویان لارەمل و چاولەدەستی سوپای قودس بن تاکوو کێشەکانیان چارەسەر بکا و پێکیان بێنێ.

هەر بە قسەی وەزیرەکانی حکوومەتی هەرێمیش، لە بواری ئابوورییەوە کۆماری ئیسلامی پیلانی ئەوەی بەڕێوە بردووە کە کوردستانی باشوور هەردەم چاوی لە کۆماری ئیسلامی بێ کە سادەترین شتەکانی بۆ دابین بکات.

سوپای پاسداران هەرکات ویستوویە هێرشی کردۆتە سەر باشووری کوردستان و تیرۆر و ئاژاوەی تێدا بەڕێوە بردووە. تەنانەت بە پیلان و بەرنامە، ڕووی سوپای دڕندەی داعشی وەرگێڕایەوە بەرەولای کوردستان.

لە لایەکی دیکەوە، باشووری کوردستان بە هەر کەموکووڕییەکەوە کە هەیبێ، ئێستا ئیدی دەسەڵاتێکی ناسراوە لە جیهاندا و هاوپەیمانی هێزە بەهێزەکانە و لەباتی ئەوان شەڕی دژ بە تیرۆر دەکا.

بەم دۆخەوە و هەروەها بەو ڕاستییە، کە بەهێزبوونی خەبات و شۆڕش لە ڕۆژهەڵات گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی دێنێ و ڕێژیمی دڕندە و دژە مرۆیی تاران لاواز دەکا و لاوازیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە قازانجی هەموو کوردێکە لە هەموو بەشەکاندا.

هەروەها دوای بیست ساڵ لە دڕندەیی و بەڕێوەبردنی سیاسەتی داپڵۆسین لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ئیدی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات وەزاڵە هاتوون و خوازیاری وەگەڕکەوتنەوەی خەباتی جیدیتر و هەمەلایەنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون.

بەمپێیە، خەباتگێڕانی کورد، ڕێبەرایەتیی شۆڕش و تێکۆشانی نەتەوەیی و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵات، بڕیاری ڕاسانەوەی خەباتیان دا و هێزی بەهێز و بەبیر و باوەڕ و ئیرادە پۆڵایینی پێشمەرگەش ئامادە و گیان لە سەر دەست، وەپێشی مەرگ کەوت و بە حەماسە خولقاندن لە شنۆ و کۆسالان، موکریان و سەڵماس، چەخماخەی ڕاسانی لێ دا و بەوپەڕی گیانبازییەوە مەیدانی خەباتی بە پانتایی کوردستانی ڕۆژهەڵات گەرم و بڵێسەدار کرد.

ڕاسان، خەباتی کوردە بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە دوارۆژی ڕووناک و گەش، بۆیە بەتەنیا بە هێزی پێشمەرگە بەڕێوە ناچێ و دەبێ بە هەموو خەڵک و هەموو چین و توێژەکانەوە و هەرکام بە شێواز و توانا و ئیمکانی خۆی، تێیدا بەشداربن و نەک ئەوان پشتیوانی پێشمەرگە، بەڵکوو پیشمەرگە پشتیوانی خەڵک بۆ ڕاپەرینی یەکجاری بێ.

لە سەرەتای ڕاساندا و هەر شتێک سەرەتاکانی بێگومان دوور لە کەموکووڕی و لاوازی و شتی چاوەڕواننەکراو نابێ و پێشمەرگەی قارەمانی گەلیش بەدوور نەبووە لە خاڵی لاواز و بەڕێوەبردنی ئەو خەباتە جیددی و توندوتۆڵە، کەموکووڕیشی تێدا هەبووە، بەڵام گەورەترین دەسکەوتی ڕاسان هەر لەم سەرەتایەوە، وەرەبخشین و هیوابەخشین بە خەڵک و زەندەقچوونی دوژمنی سەرەکیی گەلەکەمان بووە.

ڕێگای بەردەم، زۆری ماوە و هەوراز و نشێوی زۆرمان دێتە سەر ڕێ؛ لەم ڕێگا دژوارەشدا پێویستمان بە یەکبوونی هەموو تواناکان و بەشداریی هەمەلایەنەی خەڵک و فیداکاریی زیاترە. دڵنیاین کە خەڵی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لێبڕاوانە و بە پشت و پەنای یەکدی ئەم خەباتە بە ئاکامی ڕوون دەگەیەنن.

بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە یەکدەنگی و یەکڕیزی پێویستە. نەتەوەی کورد لە هەموومان خەباتی جیددیی دەوێ و هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەرکمانە کە بەجیددیتر لە جاران لەو بوارەدا تێبکۆشین.

ڕاستە هێزی نیزامیی ڕێژیم پۆشتە و پەرداخە و چەکی جۆراوجۆری پێشکەوتووی لەبەردەستدایە، بەڵام ڕێژیم لەنێوخۆیدا پڕە لە گەندەڵی و نێو ماڵەکەی بە تەواوی پڕش و بڵاوە، بە چەشنێک کە تەنانەت لە لایەن خودی ویلایەتی فەقیهیشەوە کۆنترۆڵ ناکرێت و بە قسەی ناکەن.

بارودۆخی لە ئاست نێونەتەوەییەوە خراپە و هیچ ئێعتبارێکی لە ئاستی جیهانیدا نیە. سیاسەتی دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچەکە تووشی شکست بووە، ئابوورییەکی خراپ و داڕماوی هەیە، شەڕی دەسەڵات لەنێو باڵەکانی بەتەواوی جێگیر بووە، چیتر یەکتر قبووڵ کردنیان زۆر زەحمەتە.

هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ئیدی هێزی بە ئیمان و ئیدئۆلۆژیکی نین کە خۆیان بۆ ئەو دەسەڵاتدارانە بەکوشت بدەن، ئەگەر خەباتێکی پان و بەرین بکرێت، پیمان وایە کە بە هەموو ئازادیخوازانی ئێران و بە هەموو نەتەوەکانەوە و بە هاودەنگیی هەموو هێزەکانی کوردستان دەتوانین پاشەکشێ بە ڕێژیم بکەین.

کەوابوو بزووتنەوەی کورد هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە، بەرژەوەندیی گەلی کورد ئەوەمان لێ دەخوازێ تا بە ئیمانی پێشمەرگە و بە پشتیوانیی و هەوڵی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای کوردی ئەو خەباتە ببەینە پێش تا دەگاتە ئاسۆیەکی ڕوون.

لە دەستپێکی ڕاساندا، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین شەهیدی پیشکەش بە بارەگای ڕزگاریی نەتەوەکەمان کردووە، کە لێرەدا یادیان دەکەینەوە و قەوڵ و بەڵێن دەدەین ڕێگە و ڕێبازیان بەرنادەین و بەردەوامین و درێژەدەری ڕێگاکەیان دەبین، ئامادەگی ئەوەمان هەیە کە نرخی زیاتریش بۆ ئەو ڕێبازە بدەین.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل، سڵاو لە شەهیدانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە لەو دوو ساڵەدا لە سەڵماسەوە تا موکریان و تا دەگاتە کۆسالان و سنەی خوێناوی گیانیان بەخت کرد.

ڕۆژی پێشمەرگەتان پیرۆز، ئەی پێشمەرگەکانی کوردستان و ئەی پێشمەرگە دۆستەکان.

**سڵاو لە گەلی خۆڕاگری کوردستان**
**سەرکەوێ خەباتی پێکەوە گرێدراوی شاخ و شار**
**بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی**
**١٦ی دیسامبری ٢٠١٦ی زایینی**



ئیلام لە ڕووی مێژوو و هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە

# ئیلام نیشتمانی ئالامتوو و ئاخێزگەی شارستانیەتی کوردە

شەریف فەلاح

ئیلام، زێدی ئالامتوو و نیشتمانێکی دێرین و شارستانیەتێکی کەونارای خاوەن پێشینەیە. ئیلام ژیار و ئاخێزگەی شارستانیەتی کوردە کە لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین بەشی هەرە زۆری ڕۆژئاوا و بەتایبەت باشووری ڕۆژئاوای فەلاتی ئێرانی لەخۆ گرتووە، بەڵام لە سەردەمی هەخامەنشییەکان، بەرینایی شارستانیەتی ئیلام کەم کرایەوە و تەنیا بە ناوچەی جوگرافیایی "شووش" (susa) دەگوترا.

**• ئیلام لەڕووی وشە و ماناوە:**

عیلام، ئالام، یان ئیلامی ئەمڕۆ، بە واتای نیشتمانی ئاوری خوداکان و لە ڕەگی "ئیل" بە واتای خودا و نیشتمانی خودا هاتووە کە ڕەگی وشەکە عیبرییە و هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی عەرەبییەوە و لە کتێبی تەوراتدا بە "ئالامتوو" هاتووە و لەبەر ئەوەی ڕیشەی عەرەبیی نییە، ماناکەی دەرد و ئازار و "ئەلەم" نییە. لە هەندێ سەرچاوەشدا بە واتای "کوێستان"، یان وڵاتی هەڵاتنی خۆر هاتووە.

**• لەڕووی مێژووەوە:**

عیلامییەکان بە وڵاتی خۆیان وتووە "هلمتەمتی" (Ha) tamti / Hatamti (I)) بە واتای نیشتمانی خودا، ئەکەدییەکان بە "ئالامتوو" (Elamtu)، هەروەها سۆمەرییەکانیش بە "ئەندێشەنگاشت" NIM بە واتای "شوێنی بەرزایی" ناساندوویانە.

لەساڵی ٢٧٠٠ی بەرلە زایین، یەکەم دەسەڵاتی پاشایەتیی عیلامی لە شووش (باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا) پێکهات. نیگاری سەر گلێنەکان کە لە شووش دۆزراونەتەوە، نزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین نیشان دەدەن، کە لەڕاستیدا سەردەمێکی پێشکەوتووە لە ژیانی مرۆڤایەتی کە ئاسەواری جۆرەها بوونەوەر و مرۆڤ پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە.

حکوومەتی عیلامییەکان هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی سەردەمی عیلامی نوێ، نزیکەی ٢٦٦١ لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران دەسەڵاتیان هەبووە. پاشایەتیی ئیلام لە کاتی لووتکەی دەسەڵاتی خۆیاندا تەنانەت بەسەر بەشێک لە میزۆپۆتامیاشدا زاڵ بوون، بەڵام چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندیی ئیلام، سەرانسەر ئێرانی نەگرتووەتەوە. ئەو پاشایەتییە هاوپەیمانیی نێوان ئێڵ و هۆزەکانی ناوچەکە بووە، بەڵام ئەو یەکێتییە بە واتای ئیمپراتۆری نەبووە. هەرکات ئیلامییەکان دەسەڵاتیان هەبووە، ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێکهەڵچوونە سیاسییەکانی میزۆپۆتامیادا هەبووە و تەنانەت بەسەر هەندێک لەو ناوچانە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتیان هەبووە. ئیلامییەکان لە ساڵی ١٩٠٠ی پێش زایین ناوچەی میزۆپۆتامیایان داگیر کردووە و دەسەڵاتی حکوومەتی سۆمەرییەکانیان بە یەکجاری شکست پێهێنا، بەڵام هێشتا هەر لەژێر هەژمۆنیی کولتووری سامی و سۆمەرییەکاندا بوون.

**• ڕووخانی شارستانیەتی ئیلام:**

لە ساڵی ٦٤٠ی کۆچی مانگی "ئاشوور بانیپاڵ" پاشای بەهێزی "ئاشوور" ئیلامی داگیر کرد و زۆربەری دانیشتوانەکەی بەکۆمەڵ کوشت و بنیاتی حکوومەتی ئیلامی لەناو برد. شارستانیەتی دێرینەی ئیلام، پاش هەزاران ساڵ حکوومەت و بەربەرەکانێ لە هەمبەر هۆز و دەسەڵاتە گەورەکانی وەک "سۆمەری، ئەکەدی، بابلی و ئاشوورییەکان" و بەتایبەت دوژمنی ڕاستەقینەیان "ئاشوور" شکستیان خوارد و ئاسەواری ئەم شکستەش لەسەر بەردەنووسی "ئاشوور بانیپاڵ"یش لەبارەی ئەم سەرکەوتن و پیرۆزییەوە بە ڕوونی باس کراوە.

ماوەیەک پاش ڕووخانی ئیلام، ئەم ناوچەیە بەسەر پارت و مادەکاندا دابەش کرا، لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا بووە بە بەشێک لە ئیمپراتۆریی هەخامەنشی و پاش داگیرکردن و هێرشی سوپای ئیسلام و بەپێی هەندێ سەرچاوە، ئیلام بووە بە بەشێک لە هەرێمی "کووفە".

لە سەرەتای سەدەی چوارەم هەتا شەشەمی زایینی، خانەدانی "حەسەنویە کورد" دەسەڵاتی لوڕستان و ئیلامیان بەدەستەوە گرتووە و لە ساڵی ٥٧٠ هەتا ١٠٠٦ "ئەتابەکان"ی لوڕ بەسەر لوڕستان و پشتکۆ کە هەمان ئیلام بووە دەسەڵاتیان هەبووە.

پاشان و لە سەردەمەکانی دیکەدا، ناوی ئیبلام دەبێتە "حوسێن ئاباد" کە ناوەندی هاوینەهەواری والی و ئەمیری "پشتکۆ" بووە.

**• ئیلامی نوێ:**

ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی (١٩٣٠ی زایینی) و لە سەردەمی حکوومەتی حەمەڕەزای شای پالەویدا لە ئەنجامی دابەشکاریی پارێزگاکانی ئێران، ئیلام بوو بە بەشێک لە پارێزگای پێنجەمی ئێران (کرماشان). ساڵی ١٩٦٥ دەبێتە ناوەندی "فەرمانداری" (قایمقامیەت) و ساڵی ١٩٧٥ بە هۆکاری سیاسی – سنووری و ئیداری، بە فەرمی بوو بە پارێزگایەکی سەربەخۆ و ماوەی چل و یەک ساڵە بە فەرمی پارێزگایەکی کوردنشینی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و هاوسنووری پارێزگای "واسیت"ە لە ڕۆژهەڵاتی عێراق کە سنووری خوسرەوەی پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

پارێزگای ئیلام، ناوەندەکەی شاری ئیلامە لە ڕۆژئاواوە لە گەڵ عێراق، لە باشوورەوە لەگەڵ خووزستان، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ لوڕستان و لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ کرماشان هاوسنوورە. لە حەوت شار، ١٧ ناحیە و ٣٦ شارەدێ و ٧٥٣ گوند پێکهاتووە.

شارەکانی پارێزگای ئیلام بریتین لە "ئابدانان، ئیلام، ئەیوان، بەدرە، دەڕەشار، دێهلوڕان، چرداوڵ، مەلەکشاهی، میهران و سیروان"، هەندێ ناحیەی گەورەی دیکە وەک "ساڵحئاباد، مووسیان، موورمووری، ئەرکەواز، لوومار و میمە" تایبەتمەندیی شارەدێیان هەیە.

پارێزگای ئیلام بەپێی ئامار و سەرژمێریی ساڵی ٢٠١١ی ئێران زیاتر لە ٥٥٠ هەزار کەس دانیشتووی هەیە.

**• ئیلام لەڕووی سروشت و گەشتیارییەوە:**

پارێزگای ئیلام بە پانایی ٢٠١٥٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە، ١,٢٪ی پانایی گشتیی ئێرانی پێکهێناوە و لەم بارەوە لە ڕیزی ٢٢هەمین پارێزگاکانی ئێراندایە. یەکێک لە ناوچە نیمە شێدارە کوێستانییەکانە کە پانتایی و دیمەن و بەرجەوەنی شاخ و پێدەشتەکانی زۆر سەرنجڕاکێشن. بێجگە لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیلام کە دەبێتە "دێهلوران و مووسیان و عەینە خۆش" زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئیلام لە کێو و شاخ پێکهاتووە کە دەبێتە ٧٠٪ی خاکی ئیلام. لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیلامەوە کێوەکانی "مانێشت، سەیوان، قەڵاڕەنگ و شاخی قەڵاجە، لنە و چەرمەگا هەڵکەوتوون." لە شاخەکانی دیکە دەکرێ ئاماژە بە زنجیرە کێوەکانی "کەبیرکێو، دینارکێو، ئەناران، سیاکێو، پشتکۆ و پیشکۆ" کە زاڵن بەسەر دەشتەکانی "نێو ڕووبار"دا. ئیلام لە ڕووی چڕی و بەربڵاویی دارستانی خۆڕسک و لێڕەوارەوە بە دڵ و دایکی ناوچەی "زاگرۆس" دەژمێردرێت.

ئیلام لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە ئەم کێوانەی تێدا هەڵکەوتووە؛ "ڕنوو، شرەزۆڵ" لە نیوان ئەیوان و چوار، "بانکۆڵ" لە نێوان ئەیوان و چرداوڵ، "کارزان، بایە، نسار (بالار)، سوورگیری، ساج گوربی، زەردەڵان و هلیلان. لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاواشەوە کێوەکانی "کولگ، سیاکێو، نەخجیرکێو، ئەنجیر کێو، تونەکێو، بۆڵێ، میمک، پەشمین، بیوەرە، خوشادڵ، بەلستان، دنە و کاسەماس" هەڵکەوتوون.

**• دەشتەکانی ئیلام:**

ئیلام جیا لە ناوچەی زۆری شاخاوی و کوێستانی، چەندین پێدەشت و دەشتی ناسراو و لەوەڕگەی گەورەی هەیە کە ناوەندی لەوەڕگەی ئاژەڵدارانی کرماشان، ئیلام و خووزستان و لوڕستانە. دەشتەکان بریتین لە "دەشتی عەباس، دەشتی مووسیان، دەشتی دێهلوڕان، دەشتی میهران (گەرمەسێر)، دەشتی هلیلان، دەشتی ئەیوان، چالاو، موحسنئاوا، ئەمیرئاوا، گلان، ساڵحئاوا، ئاسمانئاوا، دەڕەشار" کە جیا لە بووژانەوەی کشتوکاڵی و وەرزێڕی، چەندین تەپۆڵکە و قەڵای کۆن و ئاسەواری دێرینی مێژوویییان تێدایە کە نیشانەی بوونی ناوەندی ژیانی مرۆیی و شارستانیەتی دێرینی کوردانە.

> **زمانی زۆربەی دانیشتوانی ئیلام کوردییە کە لە شێوەزارەکانی «لوڕی، لەکی، فەیلی و کەلهوڕی» پێکهاتوون**

**• ڕووبار و سەرچاوەکانی ئاوی ئیلام:**

ئیلام لە ڕووی ڕووبار و سەرچاوەکانی ئاویشەوە زۆر دەوڵەمەندە کە زۆربەی ڕووبارەکان لە شاخ و کوێستانە سەرکەشەکانەوە سەچاوە دەگرن کە جیا لە ئاودێریی دەشتەکانی ئیلام، بەشێکی زۆریان دەڕژێنە پارێزگاکانی لوڕستان، خووزستان و نێو خاکی عێراق و بەتایبەت شاری مەندەلی لە پارێزگای دیالە.

ڕووبارەکانی ئیلام بریتین لە: "گەنگیر، کونجان چەم، چەنگوولە، دویریچ، میمە، چیغاب، گودارخۆش، سەیمەرە (کە گەورەترین ڕووباری ئیلامە، لە کرماشان ناوی "گاماسیاو"ە و لە شاخی ئەڵوەندی هەمەدانەوە سەرچاوە دەگرێت)، چزمان، چنارە، شیروان و چەرداوڵ، شێخ مەکان، سیکان و ئاوزەنگوان و چەندین چەم کە دەڕژنە کەرخەوە."

**• ئاسەوارە مێژووییەکانی ئیلام:**

ئیلام وەک ناوەندی شارستانیەتی عیلامییەکان، لە قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکاندا جێگەی دەسەڵات و ناوەندی حکوومەتی ناوچەیی بووە و لە ڕووی مێژوویی و دێرینەناسیی مرۆییەوە خاوەن پێگەی تایبەتە و زۆربەی ئەو ئاسەوارانەی کە لە ناوچە جیاجیاکانی ئیلام، مۆرک و تایبەتمەندیی نەتەوەیی کوردیان تێدایە و نیشانەی دێرینبوونی ئەم ناوچەیە و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی کوردستانە.

شوێنەوار و قەڵا دێرینەکان بریتین لە: "قەڵای والیی ئیلام، بەردەنووسی گوڵگوڵی مەلەکشایی، ئاورگەی سیاهگڵ، کۆشکی فەلاحەتی، بەردەنووسی تەختخان، تاقی شیرین و فەرهاد، مزگەوتی حاج فەرامەرز ئەسەدی لە شاری ئەرکەواز، قەڵای جوولیان، قەڵای کەلەم، شاری مێژوویی سیروان، شاری مێژوویی سەیمەرە، شاری مێژووی ماداکتوو، ئاورگە و تەنگەی بەهرامی چووبین، تەنگەی شمشە، مزگەوتی والی.

**• سەرچاوە ژێرزەوییەکانی ئیلام:**

ئەم پارێزگایەی کوردستان لە ڕووی ئابووری و کانگا ژێرزەوییەکانیشەوە خاوەن پێگەی خۆیەتی و زیاتر لە ١٥٪ی گازی سروشتیی ئێران لە ئیلام بەرهەم دەهێنرێت، هەروەها لە بیرەنەوتەکانی باشووری ئابدانان و دێهلورانەوە ڕۆژانە ١٥٤ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرێت و بە بۆری ڕەوانەی پاڵاوگەکانی باشووری ئێران دەکرێت، جیا لەمانە ناوەندی پێترۆشیمیی ئیلام یەکێکی دیکە لە سەرچاوە ئابوورییەکانی ئیلامە. بە گوتەی بەرپرسانی حکوومەتی ئێران ٥٥ هەزار کرێکار لە زیاتر لە سێ هەزار یەکەی پیشەیی و بەرهەمهێنانی بچووک و گەورەی ئیلامدا کار دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئیلام لە ڕووی بێکارییەوە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا هەموو کات لە ڕیزی یەکەم و دووەمی ئێراندا بووە، ئێستا نرخ و ڕێژەی بێکاری ٣٠٪ە و بە گوتەی چالاکوانانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد، زۆربەی هێزی کاری ناوەندە پیشەییەکانی ئیلام، کەسانی ناخۆجێین و ئێستاش زۆربەی ناوەند پیشەییەکانی داخراون.

**• زمان و شێوەزاری خەڵکی ئیلام:**

زمانی زۆربەی دانیشتوانی ئیلام کوردییە کە لە شێوەزارەکانی "لوڕی، لەکی، فەیلی و کەلهوڕی" پێکهاتوون. جیا لە شێوەزارەکانی کوردی، لە باشووری ڕۆژئاوای ئیلام و بەتایبەت لە دێهلوڕان و مووسیان و دەشتی عەباس، کەمینەیەکی عەرەب دەژین کە لە چەند هۆزی جیاجیا پێکهاتوون.

ئاخێوەرانی لەکی، کەلهوڕی، فەیلی لە ناوچە جیاجیاکانی ئیلام نیشەجێن و لە ڕووی ئایینیشەوە زۆربەی کوردانی ئیلام پەیڕەوی مەزهەبی شیعە و لە زۆر ناوچەش پەیڕەوانی ئایینی یارسان و ئەهلی هەق دەژین.





# پەڵەیەکی ڕەش

## بە تەوێڵی چەند بەناو ڕۆژنامەنووسێکەوە

ڕەزا فەتحوڵڵا نژاد

ماوەیەک لەمەوپێش چەند بەناو ڕۆژنامەنووسێکی هەرێمی کوردستان کە سەرجەمیان لە سنووری سلێمانی کار دەکەن، بە فەرمی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بانگ کرانە ئێران و لە ماوەی دە ڕۆژ مانەوەیاندا لە سنەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، چەند لێدوانێکیان لەسەر کەشی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە ئێران دا. سەردانەکە بە پەڵەیەکی ڕەش بۆ ئەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە لەقەڵەم دەدرێ کە لێرەدا هەوڵ دەدەین هۆکارەکانی ئەو لەقەڵەمدرانە بە کورتی بخەینەڕوو.

- سەردانی پێگەیەکی ئیتلاعات چ مانایەکی هەیە؟

ئەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە لە ماوەی میوانبوونەکەیاندا، سەردانی نووسینگەی ماڵپەڕی "کوردپرێس"یان کردووە، ماڵپەڕێک کە سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامییە، سەرجەم پێرسۆنێلەکەی لە کەسانی خۆفرۆش و جاش پێکهاتووە و سەرەکیترین ئامانجیشی بڵاوکردنەوەی پروپاگاندایە بە قازانجی ڕێژیم و بە زیانی کورد. ئەوانە میوانیی یەکێک لە پایەگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمێکی داگیرکەریان قەبووڵ کردووە، پایەگایەک کە کاری "espial broadcasting"، واتە "قسە بڵاوکردنەوەی سیخوڕییە" ئەویش بە دژی کورد. ئەو کەسانە بە خۆیان دەڵێن ڕۆژنامەنووس و هاوکات سەردانی ئیتلاعاتیان کردووە کە بەرپرسی تیرۆر، ئێعدام، ئەشکەنجە و تاراوگەنشینی دەیان هەزار ڕۆژنامەنووسە لەو وڵاتەدا. بینرابوو کەسێک خۆی پێ ڕۆژنامەنووس بێت و سەردانی بنکەی شۆڕشگێران یان ماڵی زیندانییە سیاسییەکان بکات و بەم کارەی دژایەتی خۆی لەگەڵ سەرکوتی ئازادییەکان و لەپێشدا سەرکوتی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەربڕێ، بەڵام ئەوەی کە کەسێک بێت و سەردانی بنکە و سەرچاوەی سەرکوتی ئازادییەکان بکات و بەم کارەی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ سەرکوتکراوان نیشان بدات و ئەم کارەش نەک بە شاراوەیی و نهێنی، بەڵکوو بە ڕۆژی ڕووناک و بە هاواروهورایەکی تایبەتەوە ئەنجام بدات، دەبێ ناوی چی بێت جگە لە کەوتنە داوی دوژمنانی نیشتمان. بۆیە لە سەرەتاوە بە "بەناو ڕۆژنامەنووس" ناومان هێنان، چوونکە ڕۆژنامەنووسی تەنیا کاغەز ڕەشکردنەوە یان پڕکردنەوەی فەزای سایبێری نیە، بەڵکوو کۆمەڵە پرەنسیپێکی باوەڕی و ئەخلاقی، پێویستییەکی بێئەملاوئەولای هەر ڕۆژنامەنووسێکە کە لە سەرووی هەموانە ئازادیخوازبوون جێی گرتووە. جا لێرەدایە کاتێک کەسێک لە ژێر ناوی ڕۆژنامەنووسیدا، نەتەنیا دژایەتی ئازادی و ئازادیخوازان دەکات، بەڵکوو بە ئاشکرا نیشان دەدا کە ئازادیی خۆی هەرزانفرۆش کردووە و بووەتە دەستەچیلەی دەستی دوژمنانی ئازادی، ئەو کەسە بەناو ڕۆژنامەنووسە، ئەگینا لە بنەڕەتدا بە کارێکی تروە خەریکە.

- جەهەندەمیان بە بەهەشت ناو برد

سەرۆکی ئەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە لە پاش گەڕانەوەیان لە میوانییەکەی ئیتلاعات، بە ماڵپەڕی "PUKmedia" دەڵێ: "لە ماوەی دە ڕۆژی سەردانماندا، بۆمان دەرکەوت بە پێچەوانەی بانگەشە خراپەکانی ڕاگەیاندنەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئێران زۆر جیاوازتر و کراوەترە لە بواری ڕۆژنامەوانی، وڵاتانی ڕۆژئاوایی چالاکییەکانی ئێران پێچەوانەی ڕاستییەکان بڵاو دەکەنەوە".

دیار نیە بە چ لۆژیکێک ئەو بەناو ڕۆژنامەوانانە دەیانهەوێ لە سەردانی ماڵپەڕێکی ئیتلاعاتدا بۆیان دەرکەوێ ئێران وەک لە ڕاپۆرتی زۆربەی ناوەندە جیهانییەکانی داکۆکیکاری ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا ساڵ نیە ئاماژەی پێ نەکرێ، گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان نیە، تۆ بڵێی چاوەڕوان بوویێتن ئیتلاعات قەڵەمی یەکێک لە پیاوەکانی خۆی بشکێنێ، زیندانی، ئەشکەنجە و دواجار ئێعدامی بکات. سەیر ئەوەیە تەنانەت شێوەی لێدوان و هەڵبژاردنی وشەکانیشیان لاسایی کردنەوەیەکی دەقاودەقی شێوەی لێدوانەکانی سپای پاسداران و ئیتلاعاتی پێوە دیارە و دەڵێی بۆیان نووسیون.

- بانگهێشتکردنێک دژی یەکگرتوویی لە هەرێمی کوردستان

کۆماری ئیسلامی هیچکات بوونی کیانێکی سیاسی لە هیچ بەشێکی کوردستانی بە قازانجی خۆی نەبینیوە و وەکوو هەڕەشە بۆ سەر خۆی زانیوە و لەو چوارچێوەشدا خەونی گولیی بە هەرێمی کوردستانەوە بینیوە و هەردەم لە هەوڵی دووبەرەکی نانەوە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی باشوور، دابەزاندنی ئاستی متمانەپێکراویی نێونەتەوەیی بە هەرێم و پێشگرتن بە گەشەی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بوارەکاندا بووە. یەکێک لە ئامرازەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێکانی مەبەستەکانی لەم بوارانەدا، ئامرازی تەبلیغاتی بووە کە جگە لە

> **دیار نیە بە چ لۆژیکێک ئەو بەناو ڕۆژنامەوانانە دەیانهەوێ لە سەردانی ماڵپەڕێکی ئیتلاعاتدا بۆیان دەرکەوێ ئێران وەک لە ڕاپۆرتی زۆربەی ناوەندە جیهانییەکانی داکۆکیکاری ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا ساڵ نیە ئاماژەی پێ نەکرێ، گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان نیە**

دانانی چەندین کاناڵی تەلەفزیۆنی و ماڵپەڕ و ڕۆژنامەی تایبەت ڕوو لە هەرێم، کۆمەڵێک لە بەناو ڕۆژنامەنووسانی باشووریشی کڕیوە تا لە نێو خودی ماڵی کوردیشدا پیلانەکانی لەو بوارانەدا بباتەپێش. سەرنجڕاکێش ئەوەیە زۆربەی بەناو ڕۆژنامەنووسە کڕدراوەکان کادری چەند حیزبێکی سیاسین، واتە ڕێژیمی تاران تەنیا بەوە نەوەستاوە کە لە حیزبە سیاسییەکانی ئەم بەشە نزیک بێتەوە و هەوڵ بدات بە جۆرێک ئاراستە بە سیاسەتەکانیان بدات کە لە لای خەڵک و لە دنیای دەرەوەش بێئێعتباریان بکات، بەڵکوو بەشێک لە کادرە ئاست مام ناونجییەکانیشیانی ڕاستەوخۆ ڕاکێشاوە تا بتوانێ بەو دیوەشدا گوشار بخاتە سەر حیزبە سیاسییەکان. پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆماری ئیسلامی ئاوا بە ئاشکرا بانگهێشتی کردوون و لە ماڵپەڕی "کوردپرێس"ی ئیتلاعاتیشدا ڕاپۆرتی لێداون، لە کاتێکدا کاری تەبلیغی بۆ دەزگایەکی سیخوڕی، بە گشتی بە نهێنی دەکرێت. وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگەیەنێتە مەبەستە سەرەکییەکانی پشت ئەم بانگهێشتکردنە. دەکرێ یەکێک لە مەبەستەکان جۆرێک هەڕەشەکردن بێت لە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. لە دۆخی هەستیاری ئێستای هەرێمی کوردستاندا کە مەقبوول و لواوە، هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی دواجار لە پێناو نزیکبوونەوەی کورد لە ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکان و کورتکردنەوەی دەستی داگیرکەران لە دەستێوەردانە دوژمنکارانەکانیان بە هاوەدەنگی و یەکگرتوویی بگەن، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بەو بانگهێشتکردنە دوو پەیامی هەڕەشە لە بەرانبەر یەکگرتوویی کورددا بنێرێت، کە یەکەمیان ئەوەیە بڵێ کاریگەری لەسەر کادری حیزبەکان هەیە و خزیوەتە نێو تەشکیلاتی حیزبییان و دووەمیان ئەوەیە بڵێ نابێ لە پاش یەکگرتووبووندا، چاوەڕوانی بێدەنگیی ژمارەیەک میدیای ناڕازی بن.

- سەرەکیترین مەبەستی ڕێژیم دژایەتی کردنی ڕاسانە

سەرەکیترین مەبەستی ڕێژیم لەو بانگهێشت کردنە دەکرێ هەوڵێکی دوژمنکارانەی دیکە بە دژی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بێت. کاتێک بانگهێشتکراوەکان باس لە دۆخی نێوخۆی ئێران دەکەن، خۆی لە خۆیدا دەرخەری مەبەستە سەرەکییەکەیە کە چ نیە جگە لە هەوڵێکی نەزۆک بۆ ڕووتووش کردنی ڕووی ڕاستەقینە و دژە مرۆیی ئەو ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ خەڵکی نیشتمانپەروەری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕاسانی ڕۆژهەڵات و دژی کۆماری ئیسلامین، بۆیە هەوڵ دەدا بە وەڕێخستنی ئەو جۆرە نمایشانە، سەکۆیەکی تەبلیغی - سیخوڕی بەرانبەر ڕاگەیەنە دەرەوەست و نیشتمانییەکان دروست بکات، سەکۆیەک کە بە ئەگەری زۆرەوە، کاری تیرۆری کەسایەتی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و تەبلیغاتی ڕەش بە مەبەستی زانیاری کۆکردنەوە بۆ تاران و هەوڵدان لە پێناو دوورخستنەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور لە یەکتر دەبێت. دیارە کۆماری ئیسلامی هێشتا بە باشی درکی بەو ڕاستییە نەکردووە کە دەستی ڕەش و هەوڵە نگریسەکانی چۆن بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات ئاشکرا و بەرچاوە، ئەوەندەش بۆ کوردانی بەشەکانی تری کوردستان و بەتایبەت هەرێمی کوردستان ئاشکرایە و وەها هەوڵگەلێک تەنیا دەبنە هۆی نەفرەت و بێزاریی زیاتر و زیاتر لە کوماری ئیسلامی.

**مەحموود سادقی:**

## گەندەڵی لە سەردەمی شادا زۆر کەمتر بوو

مەحموود سادقی لە درێژەی لەقاودانەکانیدا، بەراوردێکی لەنێوان ڕێژیمی ئێستا و ڕێژیمی حەمەڕەزاشادا کردووە و دەڵێ: گەندەڵیمان لە ئێستادا زیاترە لە سەردەمی دەسەڵاتی شا.

مەحموود سادقی نوێنەری تاران لە مەجلیسی ڕێژیم، لە ئاخاوتنێکدا لە زانکۆی ئەمیرکەبیری تاران جارێکی دیکە ڕەخنەی لە بوونی گەندەڵی لە نێو دام و دەزگا حکومەتییەکان و هەروەها دژکردەوەی نابەجێی هێزی دادوەری گرت.

ناوبراو لە قسەکانیدا وتوویەتی: من دەڵێم، بۆچی دەبێ پاش ٣٨ ساڵ بارودۆخمان خراپتر لە حکومەتی شا بێت؛ مەگەر کۆماری ئیسلامی بە دروشمی خەبات بەدژی گەندەڵی دانەمەزرا؟

پاش ئەوەیکە لە فەزای مەجازیدا پرسی گەندەڵییەکانی سادقی ئامۆلی لاریجانی هاتە ئاراوە، مەحموود سادقی خوازیاری ڕوون کردنەوەی حیسابە بانکییەکانی سەرۆکی هێزی دادوەریی ڕێژیم بوو، کە دژکردەوەی توندی باندەکانی دەسەڵاتی لێکەوتەوە.

بە وتەی ناوبراو لاریجانی خاوەنی ٦٣ حیسابی بانکی لە بانکی «ملی»یە کە بڕی ١٠٠٠ میلیارد تمەن پارەی تێدایە؛ ئەم پارە بریتییە لە داهاتەکانی هێزی دادوەری کە لە ئەنجامی سکاڵا حقوقی و کەیفەرییەکان دەخرێنە نێو حیسابە بانکییەکانی هێزی دادوەری؛ بەپێی دوایین ڕاپۆرتە بڵاوبووەکان، قازانجی ساڵانەی لاریجانی لەم ٦٣ حیسابە بانکییە بریتیی بووە لە؛ ٢٥٠ میلیارد تمەن، واتە لە هەر مانگێکدا نیزیک بە ٢٠ میلیارد تمەن لە پارەی خەڵکی ئاسایی چووەتە گیرفانی ئەم زاتەوە.

لەبەرانبەردا هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم، لەوانە هەواڵدەریی مێهر وێڕای هێنانەوەی پاساو، ئەم پەروەندەیان بە ناڕاست و درۆ لەقەڵەم دا، بەڵام پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٣دا مەحموود ئەحمەدی نژاد، سادقی لاریجانی و براکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە گەندەڵییە ماڵییەکانیان دەخاتەڕوو کە ئەوکات بە نێونجیگەریی عەلی خامنەیی ئەو باس و بابەتە داخرا و بە نهێنی مایەوە.

«گەندەڵی» لە ئێراندا بەشێوەیەکی سیستماتیک «نەهادینە» کراوە و لەهەر کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا ئاسەوارێکی گەندەڵی دەبیندرێ، بەچەشنێک کە ئەگەر کەسێک هەلی کەڵکاژۆوەرگرتن لە پێگە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکەی بۆ هەڵکەوێت و کەڵکی لێوەرنەگرێ، وەک کەسێکی گەمژە و نەزان سەیر دەکرێت! بە واتایەکی دیکە، دیاردەی گەندەڵی و ئیختلاس لە ئێران هەنووکە وەک فەرهەنگی زاڵ سەیر دەکرێت کە تێیدا هیچ کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو کارەی دەیکات درووستە یان هەڵەیە، چوونکە کاتێک سەیری دەوروپشتی خۆی دەکات دەبینێ کە هەمووان، هەر لە دەسەڵاتبەدەستانەوە بگرە تاکوو بەڕێوەبەر و کارمەندێکی ئاسایی ئیدارە یان کۆمپانیایەک، وەکوو ئەو هەوڵ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دەدەن، بۆیە پێی وایە کە زۆر ئاساییە کە ئەو گەندەڵییە ئەنجام بدات.

## ڕەوتێکی نوێی گرانی لە ئێران بەڕێوەیە

ڕۆژنامەی "اعتماد" لە مانشێتی ڕۆژی دووشەممەی خۆیدا بە ڕێکەوتی ١٦ی سەرماوەز، مزگێنیی گران بوونی بێنزین لە ساڵی نوێی دا.

بەپێی ئەم مانشێتە کە تایبەتە بە پێوەرەکانی بودجەی ساڵی ٩٦، بێنزین لە ساڵی ٩٦دا ٥٪ گران دەبێت و بەم پێیەش دەگاتە ١٠٥٠ تمەن بۆ هەر لیترێک.

بەوتەی ئەم ڕۆژنامەیە: بەپێی ئەم گەڵاڵەیە، لانیکەمی چوونەسەری نرخی بێنزین و بەرهەمە نەوتییەکانی دیکە لە ساڵی داهاتوودا ٥٪ دەبێت؛ کارناسانی ئابووریش دەڵێن؛ گرانتر بوونی بێنزین وەک یەکێک لە سەرەکیترین سووتەمەنییەکان لە ئێراندا، خۆبەخۆ دەبێتە هۆی گران بوونی نرخی گواستنەوە و هاتوچۆ؛ بە واتایەکی دیکە بە گران بوونی بێنزین دەبێ چاوەڕێی گرانتر بوونی نرخی شتومەک و پێداویستییە ڕۆژانەکانی خەڵک بین، لەوانەش نان، میوە، خواردەمەنییەکان، کەلوپەلی بیناسازی و... هتد.

هەروەها بەشێک لە کارناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە؛ بە زیادکردنی ٥٪ی نرخی بێنزین، هەڵاوسانی گشتیی وڵاتیش ٢٪ هەڵکشان بەخۆوە دەبینێت. ڕێکخراوی زانیارییە ئابوورییەکانی ئامریکا ماوەیەک پێش ئێستا ڕایگەیاندبوو کە؛ نرخی هەڵاوسانی ئێران ١٥/٣٪ە کە دەکاتە ٨ قات زیاتر لە وڵاتێکی وەک عێراق.

بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی پشتیوانی لە بەکارهێنەر، لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا نرخی بێنزین ١١٠ قات زیادی کردووە.



# لە ڕیاڵەوە بۆ تمەن

# لە گەندەڵییەوە بۆ گەندەڵی

**شەماڵ تەرغیبی**

هەیئەتی دەوڵەتی یازدەیەمی کۆماری ئیسلامی لە دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی سەرماوەزی خۆیدا گەڵاڵەی پێشنیاری بانکی ناوەندی لەمەڕ کەمکردنەوەی سفرەکان لە دراوی فەرمیی ئێرانی پەسند کرد و بەم پێیەش یەکەی دراوی ئێران بریتی دەبێت لە؛ ١ تمەن.

پاساوی بانکی ناوەندی بۆ ئەم گەڵاڵەیە بریتییە لە کۆنترۆڵی هەڵاوسانی هەوسارپچڕاوی ئێران و کەمبوونەوەی توانایی یەکەی دراوی ڕیاڵ کە لە ئێستادا کاری پێدەکرێت.

یەکەمین جار پێشنیاری گۆڕینی ڕیاڵ بۆ تمەن لەسەردەمی مەحموود ئەحمەدی نژاددا هاتە ئاراوە؛ لەو کاتەدا ناوبراو بڕیاری دا کۆمیتەیەک لە بانکی ناوەندی پێک بێت و لەسەر ئەم پرسە لێکۆڵینەوە بکات و گەڵاڵەیەکی بۆ ئامادە بکات.

جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەی دەوڵەت پێویستی بە پشتڕاست کردنەوەی مەجلیس و شۆرای نیگابان هەیە.

ئەم بڕیارە نوێیەی کابینەی یازدەیەم هەڵوێست و دژکردەوەی جۆراوجۆری کارناسانی ئابووریی لێکەوتۆتەوە؛ بەشێک لە پشتیوانانی ئەم گەڵاڵەیە دەڵێن؛ کەمکردنەوەی سفر لە دراوی "میللی" هیچ نەبێ تێچووی چاپی دراومان لە کۆڵ دەکاتەوە.

محەممەدڕەزا پوورئیبراهیمی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیسی ڕێژیم لەمبارەوە لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا وێڕای پشتگیری کردنی ئەم گەڵاڵەیە وتی: کەمکردنەوەی سفر لە دراوی ئێران دەبێتە هۆی باشتربوونی هەلومەرجی گواستنەوە و ئاڵوێر لە بیاڤی ئابووریدا و ئاسەواری ئەرێنی لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ.

بەگشتی لایەنگرانی گەڵاڵەی "لابردنی سفرەکان" پێیان وایە جێبەجێ کردنی ئەم گەڵاڵەیە دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە ئاڵوێرەکان، کەمبوونەوەی ڕێژەی دراوەکانی نێو بازاڕ، نەمانی سەرئێشەی هەڵگرتنی پارە لەلایەن خەڵک، کەمبوونەوەی هەڵاوسان و لە هەمووانیش گرینگتر گەڕاندنەوەی متمانە بۆ دراوی میللی؛ بەواتایەکی تر بە لابردنی سفرەکان دراوی بێبایەخی ئێرانی دەبێتەوە بە خاوەنی جێگە و پێگە و ڕوانینی لایەنە بازرگانییە بیانییەکان گۆڕانی پۆزێتیڤی بەسەردا دێت.

لەبەرانبەریشدا بەشێک لە کارناسانی ئابووری کە دژ بەم بڕیارەی دەوڵەت وەستاونەتەوە دەڵێن: بە سەرنجدان بە بارودۆخی نائاسایی و هەڵاوسانی ئابووری و سیاسی لە ئێران، جێبەجێ کردنی ئەم گەڵاڵەیە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاڵۆزییەکان و لەباتی قازانج، زیان بە ئابووری دەگەیەنێت.

سەعید لەیلاز لەمبارەوە دەڵێ: لابردنی سفر لە دراوی میللی، لە ئابوورییەکی سەلامەت کە دوور بێت لەو کێشە ئابوورییانەی ئێمە تووشی بووین دەتوانێ کاریگەریی پۆزێتیڤی ڕەوانی دابنێت، چوونکە هەستی بایەخداربوونی دراو ساز دەکات، بەڵام بۆ بارودۆخی ئێستای ئێمە نەگونجاوە؛ بەباوەڕی ناوبراو ئەوەیکە ئێستا پێویستە بکرێت ئازادکردنی ئابووری و لەوەش گرینگتر سازکردنی کەشێکی ئارام بۆ ئابوورییە کە لە ڕاستیدا ئەمانە پێشمەرجەکانی گەیشتن بە دەسکەوتی پۆزێتیڤی لابردنی سفری دراوەکانە کە لە ئێراندا نابیندرێت.

بەباوەڕی ئەم کەسانە "لابردنی سفر" تەنیا کاتێک دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی هەبێت کە لە چوارچێوەی گەڵاڵەیەکی گشتی و لەپێوەندی نیزیک و گرێدراو لەگەڵ ڕێفۆرمە بۆنیادی و ڕیشەییە ئابوورییەکانی دیکەدا بێت؛ "فەرەیدوون خاوەند"، شرۆڤەکاری ئابووری لەمبارەوە دەڵێ: لە هەلومەرجی ئێستادا "لابردنی سفر" کاتێک دەتوانێ شوێندانەر بێت کە هۆکارەکانی لاوازیی ئابووریی ئێران لەنێو چووبێتن. دراوی ئێران کاتێک دەتوانێ ببێتە خاوەنی جێگە و پێگە و متمانەی نێونەتەوەیی، کە سیاسەتداڕێژیی ئابووری لە ئێران بەڕۆژ بکرێت، بودجەی گشتیی وڵات یەکسان بکرێتەوە، بانکی ناوەندی ببێتە بانکێکی سەربەخۆ، هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکرێت، فەزای کار، بوار بۆ بەرهەمهێنانی سامان و دارایی خۆش بکات، بەرهەمهێنەرە ئێرانییەکان بازاڕەکانی ناوچە و جیهان بکەنە ئامانج، سەرمایەدانەرانی بیانی و توریستەکان ئامادە بن لە ئێراندا سەرمایەکانیان وەگەڕ بخەن و لە هەمووان گرینگتر ئاڵۆزییەکان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئێران بە کەمترین ئاستی خۆیان بگەن.

ئەم کارناسەی بواری ئابووری لە وتارێکدا بەناوی " از ریال تا تومان" دەڵێ: شک و گومانێکی زۆر سەبارەت بە لابردنی سفرەکان بوونی هەیە؛ لەو ڕووەوە کە لابردنی سفر جگە لە هەموو ئامانجەکانی، هەڵگری کۆمەڵێک تێچووی زۆرە کە لابردنی ئەم سفرانە هیچ گۆڕانێک لەسەر تێچووەکانی دانانێت؛ ئەگەر بڕیاری دەوڵەت لەلایەن مەجلیس و شۆرای نیگابانەوە پشتڕاست بکرێتەوە، پێویستە هەموو دراوەکانی نێو بازاڕ کۆبکرێتەوە و دراوی نوێ لە بازاڕدا بڵاو بکرێتەوە، هەموو نەرمەئامێرەکانی بانکەکان و حیسابداریی نێو کۆمپانیاکان و یەکە بەرهەمهێنەرەکان دەبێ بگۆڕدرێن کە هەموو ئەم کارانەش تێچووی دەوێت!

لەم نێوانەدا نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەمە یەکەمجار نییە سفری سەر دراوی وڵاتێک کەم دەکرێتەوە؛ وڵاتانێکی وەک تورکیە، ڤێنزۆئێلا، ئاڵمان، فەڕانسە، بڕێزیل، ئارژانتین و ئەفغانستان پێشتر ئەم ئەزموونەیان هەبووە، بەڵام مەسەلەی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە تەنیا ئەو وڵاتانە توانییان لەم کارەیاندا سەرکەوتوو بن کە هاوکات لەگەڵ لابردنی سفر، گۆڕان و ڕێفۆرمی ئابووریشیان ئەنجام داوە، دەنا وڵاتێکی وەک ڤینزۆئێلا کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا بڕیاری گۆڕینی ناوی دراوەکەی بۆ "بلیوار" (وەرگیراو لە ناوی سیمۆن بلیواری بەناوبانگ کە لە سەدەی ١٩دا ڕۆڵێکی مەزنی لە ئازادکردنی ئامریکای لاتیندا هەبوو) و لابردنی ٣ سفر لە دراوەکەی دەرکرد، نەیتوانی دراوی نەتەوەیی خۆی لە سەرەولێژیی بێمتمانەیی و نەمان ڕزگار بکات و ئێستاش بەبوونی هەڵاوسانی ١٥٪ ناچارە بەردەوام دراوی نوێ بڕژێنێتە نێو بازاڕ و ئەمەش یانی هەڵاوسانی زیاتر و زیاتر.



# وتاری مستەفا هیجری

## لە کۆنفڕانسی سەربەخۆیی کوردستان لە داهاتوودا، ڕووبەڕووبوونەوە و دەرفەتەکان

لە پانێلەکانی پێشوودا باسگەلێکی دەوڵەمەند هاتنە ئارا و دیبەیتێکی شارستانیانە و دێموکراتیك بەڕێوەچوو. هەرکەسەو بیر و بۆچوونی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ کێشەیەکی گەورە کە ئەمڕۆ هەموومان لەگەڵی بەرەوڕووین و ئەویش بابەتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە و چۆنیەتیی ڕاگەیاندنی، باسی لێوە کرا و سەرجەم باسەکان جێگای لێ فێربوون بوون. پێش لەوەی باس لە بۆچوونی خۆم لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە گرنگەدا بکەم، پێمخۆشە هەڵکەوتێکی مێژووییتان بۆ باس بکەم کە ئەمڕۆ ئێمە تێیداین. ئەمڕۆ ٢٦ی سەرماوەز، ساڵڕۆژی دوو بۆنەی گرنگی مێژووییە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. ئەو ڕۆژە لە سەردەمی کۆماردا، بە گرتنی دوایین پایەگاکانی ڕێژیمی پاشایەتی، کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەی پاك کردەوە، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو ڕۆژەی ناو ناوە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. لێرە لە کوردستانی باشوور، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ئاڵای کوردستان ناسراوە. پێشمەرگە و ئاڵا، هەردووکیان دوو دەسکەوتی مێژوویی کۆماری کوردستانن کە ئێستا بوونەتە سیمبۆلی کوردایەتی و دەتوانم بڵێم لە هەموو بەشەکاندا ڕێزی بۆ دادەنرێ. بۆیە ئیزن دەخوازم لەلایەن هەموومانەوە لەو ڕۆژەدا سڵاوێکی گەرم و پیرۆزبایی پێشکەش بە هەموو ئەو پێشمەرگانە بکەم کە زۆر قارەمانانە بەرگرییان لە خاکی کوردستان کردووە و ئێستاش بەرگریی لێدەکەن و لەو ڕێگایەدا گیانی خۆیان پێشکەش کردووە. سڵاو بۆ بنەماڵەکانیان و هەروەها ڕێزی دووبارە بۆ ئاڵاکەمان، ئاڵای کوردستان.

هاوڕێیانی بەڕێز من لەپێوەندی لەگەڵ بابەتی ئەو کۆنفڕانسەدا، ئەوەی کە دەمهەوێ قسەی لەسەر بکەم، ئەوە نییە کە بڵێم لە باری یاساییەوە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕاگەیەنێ، چوونکە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو پرسەدا خۆشەویستانی دیکە لە پانێلەکانی دیکەدا باسیان کرد. هەروەها ئەوەش باس ناکەم کە ئوسولەن پرسی سەربەخۆیی کوردستان بۆ کورد جێگای پرسیارە یا قابیلی قبووڵە یان نا، چوونکە پرسی سەربەخۆیی و بوونی دەوڵەتی کوردستان لە ئێستادا هێندە بووەتە شتێکی ڕۆژانە و بووەتە ویست و داخوازی بنەڕەتیی گەلی کورد لە هەموو بەشەکاندا، کە تەنانەت ئەگەر کەس یا کەسانێکیش هەبن کە بڕوایان پێی نەبێ، شەرم دەکەن لەوەی کە باسی بیروبۆچوونی خۆیان بکەن. بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە، هێندێ لە هاوڕێیان لە پانێلەکانی دیکەدا ئیشارەیان پێکرد و منیش دەمهەوێ بچمەوە سەر ئەوانە، ئەویش؛ دەرفەتەکان و گرفتەکانە. هەردووکلای ئەو پرسە، لەڕاستیدا جێگای توێژینەوە و خوێندنەوەی وردن کە پێویستە بە بێ موجاملە، بەدوور لە هەست و سۆز بخرێتە بەر توێژینەوە بۆ ئەوەی کە باشترین و کەم تێچووترین ڕێگاچارەی بۆ دەستنیشان بکەین تاکوو بتوانین لەپێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی دروست بچینە پێشێ. ئەوەی کە ئەورۆ دەتوانین وەکوو دەرفەت باسی بکەین، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە نێو و نێوبانگی کورد لەو ساڵانەدا بە شێوەیەکی ئیجابی بە هەموو دونیادا بڵاو بووەتەوە. پێشتر دوژمنانی ئێمە زۆر شتی نەرێنی و خراپیان لەسەر ئێمە باس دەکرد، بە گوێی دونیایان ڕادەگەیاند، بەڵام ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی، ئەو فیداکارییەی پێشمەرگە کردی تاکوو خاکی خۆی بپارێزێ، لە بەرانبەر هێرشی دواکەوتووترین و دڕندەترین مرۆڤەکانی سەردەم کە داعشن، هەروەها تۆلێرانس و قبووڵی بۆچوونی جیاواز و نەتەوەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا، نموونەیەکی یەکجار زۆر جوان و ئەرێنی و قابیلی قبووڵ بووە کە بە هەموو دونیا نیشان درا، و لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو کە هەموو دونیا بۆخۆیان لە کوردستاندا شاهیدی ئەو مەسەلەیەن. ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی حکوومەتی هەرێم ڕێزی تایبەتیی لێ بگیرێ، سەرۆکی هەرێم وەك سەرۆك‌کۆمارەکان پێشوازیی گەرمی لێ کرا، یارمەتیی دەوڵەتەکان هەرچەنی ئەوەی کە دوێنێ برای بەڕێز کاك نێچیروان ئیشارەی پێکرد و من پێی دەڵێم بەشێوەی قەترە چکان درا بە پێشمەرگە، تاکوو بەرگری بکا لە بەرانبەر هێزی ڕەشی داعشدا، بەڵام سۆز و خۆشەویستیی بۆ لای کورد ڕاکێشا. ئەوە دەرفەتێکی یەکجار باش بوو کە بۆ کورد هاتە پێشێ. بەڵام لەڕاستیدا دەرفەتەکە هەر ئەوە نەبوو کە لەو چەند ساڵەدا هاتە پێشێ، چوونکە هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەڕاستیدا تاقیکارییەکی باش لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی ئیدارەکردنی وڵات، بە خەڵك نیشان درا. ئەو شێوە بەڕێوەبردنە لە نێو وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا بوو بە جێگای مەترسی چوونکە لە هەموو ناوچەدا و لە ئێران و خەڵکی ئێران و کورد لە ئێران و سووریە و تورکیە کە هاتن بۆ هەرێمی کوردستان، سیستمێکی جیاوازیان دی لەچاو حکوومەتەکانی خۆیان، بۆیە ئەو عەلاقە لە نێو هەموو کوردەکاندا چووە سەرێ کە ئەوانیش لەسەر خاکی خۆیان بتوانن حکوومەتێکی لەم چەشنە دامەزرێنن. ئەوە یەکێك لە هۆکارەکانی دوژمنایەتیی وڵاتانی داگیرکەر بوو لە پێوەندی لەگەڵ پرسی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان چ لە باری ئابووری، چ خزمەتگوزاری و چ سیاسییەوە. بۆیە گیروگرفت و کێشەکان دەستی پێکرد و دەستی ئەو وڵاتانەی تێدا هەبوو و لەڕاستیدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم خۆمان بێ کەموکووڕی بووین، بەڵام دەستی ئەوانی تێدا بوو بۆ ئەوەی ڕوخسارێکی ناشیرین دروست بکەن لەسەر کورد و دیسان بە خەڵکی پیشان بدەن کە ئەوە ئاکامی حکوومەتداریی کوردە. ئەوەش بۆ خۆی کۆسپێك بوو. ئێستا لە ئێران، حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دارودەستەکەی لەم پێوەندییەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو پڕوپاگاندا دەکەن کە ئەگەر کورد و نەتەوەکانی دیکە حکوومەتیان دەوێ، ئەوە نموونەکەی لە باشووری کوردستاندا ببینن کە حیزبەکان پێکەوە ناسازن، نازانن ڕێگاچارەی دێموکراتیك بۆ گیر و گرفتەکانیان ببیننەوە، لە باری ئابوورییەوە کۆسپیان هەیە و هەزاران کێشەی دیکەی ئاوا دێننە بەرچاوی خەڵك تاکوو ئەو ڕوخسارە جوانە بشارنەوە. هەرچەند بەخۆشییەوە ئێستا خەڵك چاوی کراوەیە، ڕاگەیەنەکان هەموو هەواڵەکان بڵاو دەکەنەوە و حکوومەتە داگیرکەرەکان ناتوانن وەکوو ڕابردوو چەواشەکاری بکەن. لە پانێلەکانی پێشوودا زۆر باسی ئەوە کرا کە کۆسپ لەسەر ڕێگاماندا هەیە و گرنگترینی ئەو کۆسپانە وڵاتە داگیرکەرەکانن. ئەوانە هەمووی ڕاستە و لە جێی خۆیەتی. باس لەوە دەکرێ کە ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەندرێ، دۆخی ئابووریی خەڵك خراپتر دەبێ؟ چۆن دەکرێ ئێستا کە خەڵك لەگەڵ گرفتێکی مەزنی ئابووری بەرەوڕووە، گرفتێکی دیکەشی پێ زیاد بکرێ؟ یا ئەو گرفتانەی دیکە کە ئێستا لە حکوومەتی کوردستاندا هەیە. ئەوانە هەمووی درووستە بەڵام، پرسی سەرەکیی ئێمە پرسی نێوخۆیی خۆمانە. واتە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەوەی کە بنەمای سەرەکیی پرسەکەیە لەپێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا، دیارە کە دەبێ ئەو گرفتانەی وڵاتانی دراوسێ بۆمانی پێکدێنن لەبەرچاو بگرین، بەڵام بنەڕەتی پرسەکە خۆمانین. ئەگەر بۆ خۆمان لە چوارچێوەی ئەو هەرێمەدا بتوانین یەکگرتوو بین و هێندێ هێڵی ستراتیژی و هێڵی سوور دیاری بکەین کە لێی تێپەڕ نەبین، دەتوانین بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بین. بنەڕەت خۆمانین، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێ، ئابووریمان ببووژێتەوە و گرفتەکانی ئێستاش لاچن، بەڵام ئەگەر گیر و گرفتی نێوخۆمان بمێنێ، دوژمنانمان لە درزی ئەو گرفتانەوە دێنە ناوەوە و قڵش پێکدێنن و کۆسپەکانمان گەورە دەکەنەوە لەنێو خۆماندا. ئەوە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانە. بەڵام دەرفەتی دیکەشمان کە دەبێ ئیشارەی پێ بکەین، ئەوەیە کە لە مێژووی دابەشکردنی کوردستانەوە تا ئێستا قەت نەبووە دوژمنان و داگیرکەرانی کورد بەقەد ئێستا گیروگرفت و کێشەیان هەبێ و لاواز بووبێتن تەنانەت بە ئێرانەوە. بەڕێز پرۆفیسۆر عەلائودین باسی هێز و توانای ئێرانی کرد، من بە پێچەوانە ئەو مەسەلە دەبینم. جگە لەو پێستە ڕواڵەتییەی لە ئێراندا هەیە کە لە ڕواڵەتدا ئەمەیە و دەنگی لێوە نایە، لە قووڵایی کۆمەڵگای ئێراندا ئەو نارەزایەتی و دەردیسەرییانەی خەڵك هەیەتی، لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی کردووە و ئێستا لە هەموو کاتێکی ئەو ٣٧ ساڵە زیاترە. بۆ هێز یا حکوومەتێك چ ئێران و تورکیە و چ کوردستان بێ، گرنگ ئەوە نییە چەندە چەکی هەیە و چۆن خەڵك دادەپڵۆسێ و بەندی دەکا و ئیعدام دەکا بۆ ئەوەی بێدەنگییەکی نیسبی لە نێو خەڵکدا پێکبێنێ، گرنگ ئەوەیە قووڵایی ئەو کۆمەڵگایە چی تێدایە. ئێران قووڵایی کۆمەڵگاکەی دەکوڵێ. ئەو زانیارییانەی ئێستا لەبەردەستدان جگە لە سیاسەتێك کە ئێستا ترامپ و ئورووپا و وڵاتانی دەوروبەر باسی دەکەن، وا نیشان دەدا کە داهاتووی ئێران بەرەو خراپ بوونە. لەبیرمان نەچێ ئەو دەوڵەتانەی ڕووخان، لە سۆڤیەتەوە بگرە تا بەهاری عەرەبی، هیچکامیان لە داپڵۆسین و ئیعدامی خەڵك کەمیان نەهێنابوو، بەڵام هیچان بایەخی نارەزایەتیی قووڵایی کۆمەڵگای خۆیان نەدیت. هەر ئەو کۆمەڵگایەی ئەوان دایاندەپڵۆسی و پێیان وابوو دەتوانن بێدەنگی بکەن، ئەو کۆمەڵگایە بوو کە دیکتاتۆرەکانی ڕووخاند و کۆماری ئیسلامیش لەوە بەدوور نییە. بەتایبەتی حکوومەتێك کە لەگەڵ ڕەوتی ئەمڕۆی دونیادا ناتەبایە. بۆیە گەر زۆر کورتی بکەمەوە، ئەوەیە کە پشت بە خەڵکی خۆمان ببەستین، هەوڵ بدەین لە چوارچێوەی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکەکەماندا هەنگاو بنێین، ئەو گیرو گرفتانەی لە باری سیاسییەوە لە کوردستانی عێراقدا هەیە، کۆتایی پێ بێنین. زۆرجار باس لەوە دەکرێ لە شێوازی دێموکراسیدا گیروگرفت دەبێ، بەڵێ، لە شێوەی دێموکراسیشدا دەنگی جیاواز هەیە. بەڵام بەڕێزان ئەوەی لە کوردستاندا ڕوو دەدا، کارەساتە دێموکراسی نییە. دێموکراسی ڕێڕەوێکە کە ڕێگاچارە بۆ دیتنەوە چارەسەری کێشەکان دەدۆزێتەوە. ئەو شێوازانەی کە بە جێگای دیتنەوەی ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەکان، کێشەکان کەڵەکە دەکەنەوە، ئەوانە دێموکراسی نین، دژی دێموکراسین. بۆیە من هیوادارم لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە هەرێمی کوردستانی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێ و لە ڕاستای بڕیارێکی چارەنووسسازدا هەنگاو هەڵدەگرێ، لەپێش هەموو شتێکدا، لەپێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا، گیروگرفتەکانی خۆی لە باری سیاسییەوە چارەسەر بکات و بەو شێوە بتوانێ هێزی هەموو خەڵکەکە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو ئامانجە بەرز و پیرۆزەدا تەیار و تۆکمە بکات. هیوادارم لەو ئاراستەیەدا سەرکەوتوو بن.

# ڕۆژئاوای کوردستان

## لە بەردەم مەترسیی گەورەدایە

ئەلبۆرز ڕووئین تەن

بەرگێکی دیکەی مێژووی پڕ لە قوربانی و چەوساوەیی نەتەوەی کورد، ڕۆژئاوای کوردستانە چوونکە وێڕای خەباتی چەندین ساڵە هەر بە بێ‌مافی و تەنانەت بە بێ ناسنامە و مافی خاوەنداریەتی ماون. یەکەم چریسکای گەیشتن بە مافەکانی دوای ئاڵۆزییەکانی چەند ساڵ پێش ئێستا لە سووریە هاتە ئاراوە.

لاواز بوونی ئەسد وای کرد کە ئەو بەشە لە خاکی کوردستان بکەوێتە ژێر دەستی کورد و هیوایەکی یەکجار زۆر دروست بوو بۆ ئەوەی کە ڕۆژئاوا بەرەو مودێلێکی وەکوو باشووری کوردستان بڕوات، لەوێدا وێڕای دێموکراسی و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی، ببێت بە پشتیوانێک بۆ هەموو بەشەکانی تری کوردستان. تەنانەت بە نێوانگیریی سەرکردە سیاسییەکانی باشوری کوردستان هەنگاو بۆ پەیوەندی نێوان پەیەدە و تورکیە بۆ دروست کردنی وەها مودێلێک هاویشتران و ساڵح موسلیم چەندین سەفەری بۆ تورکیە کرد.

بەڵام هەر زوو دوای بەدەسەڵات گەیشتنی پەیەدە، کورد لە جیاتی ئەوەی نزیک بکەویتەوە، لە خەون و مافەکانی دوورکەوتەوە. چەندین هۆکار هەیە بۆ دوورکەوتنەوەی کورد لە مافەکانی و بگرە ئەزموونی کورد لەو بەشە کەوتۆتە مەترسی. سەرچاوەی هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ پارتی دەسەڵاتدار کە بەڕێوەبەریی ئەو بەشەی کوردستانی لەئەستۆدایە.

سەرەتا جیا لەوەی کە دەسەڵاتێکی هەمە لایەنەی کوردی دروست بێت، دەسەڵاتێکی تاک لایەنە دروست بوو، کە تێیدا تەنیا ڕێگە بە سیاسەت کردنی ئەو لایەنە درا و تەنانەت چالاکوانانی لایەنەکانی دیکە زیندانی کران کە ژمارەیان کەم نیە و ئێستاش لە زینداندان.

پاشان ئەو مۆدێلەی کە بۆ بەڕێوەبەریی و حوکمڕانی لەو بەشە لە کوردستان لە لایەن تەیاری دەسەڵاتدارەوە هاتە ئارا، مۆدێلێکی ناڕوونە و قازانجەکانی بۆ دەوڵەتی ناوەندی زیاترە لە خودی کورد، چوونکە داوای قەوارەیەکی سیاسی، مافی نەتەوایەتی، یا دێموکراسییەکی گشتی و یان ئازادی ناکات، بەڵکوو بە ناو خۆسەری دێموکراتیکە، و بە کردەوە هەمان ئیدارەی سووریەی کۆنە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو ئەزمەنە بە تەواوی پشتی بە بلۆکی شیعە بەستووە، پشت بەستن بەو بلۆکە لە بەر هەبوونی دیکتاتۆرەکانی وەک ئێران و سووریە ناتوانێ تا سەر لە خزمەت کورددا بێ، بەڵکوو ئەزموونێکی کورتخایەن لە بەرژەوندیی ئەو هێزانە دەبێت.

هەر ئەو پشتبەستنە کاریگەریی لە سەر باکووری کوردستانیش دانا وبوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی لەنێو چوونی پرۆسەی ئاشتی لەو ناوچەیە، چوونکە یەکەمین ساردی کە لە نێوان هەدەپە و ئاکەپە دروست بوو، دەرئەنجامی ئەو خۆپیشاندانانەی باکووری کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا بە دژی تورکیە بوو.

بەو مێژوویە و ئەو ڕووداوانەی ئەو دوایانە وەکوو سووتاندنی ئاڵای کوردستان و وتەکانی ساڵح موسلیم لە پاڕلەمانی ئورووپا کە جەختی لە سەر دژایەتیی ئەوان بۆ دەوڵەت نەتەوە، پەیوەندی بە ڕێژیمی ئەسەد و لێدوانەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئەسەد سەبارەت بە ماف و کانتۆنەکانی کورد، زەنگی مەترسی لە سەر ئەزموونی کورد لەو بەشە لە کوردستان لێدراوە.

لە کاتێکدا کە ئەو مەترسیە هەیە، تەنیا ڕێگەی ڕزگاری یەکێتی و برایەتی هەموو هێز و لایەنەکانە. ئەگەر بێتو دەرگای یەکێتی نەکرێتەوە بۆ بەشداری کردنی هەموو هێز و لایەنەکان لە حوکمڕانی و بڕیاردانەدا، ئەوا بەرەو هەڵدێرێکی تر دەڕۆین کە تێیدا دیسان تراژێدیای کورد بوون دووبارە دەبێتەوە. لەبیرمان نەچێت کە ئەو دەرفەتە مێژووییە بە یەکڕێزی دەکرێتە مودێلێک بۆ کۆتایی هێنان بە چەوساوەیی نەتەوەیەکی بێبەش کراو لە مافەکانی.

لە هەمان کاتدا بەڕێوە بردنی حوکمڕانیەکی دێموکراتیک و هەمە ڕەنگ، گارانتی بەردەوامیی ئەزموونی کوردە، چوونکە ئێمە ناتوانین داوای ئازادی بکەین، داوای دێموکراسی بکەین، تەنانەت ناوی مودێلی حوکمڕانی خۆمان خۆسەریی دێموکراتیک بنێین، بەڵام خۆمان دێموکراتیک نەبین نەتوانین بەشداریی لایەنەکان و بیر و ڕای جیاواز تەحەمول بکەین، هەر بۆیەش دەبێ لەو بوارەدا هەنگاوی جیدی بهاوێژرێت ئەگەر نا، ڕۆژگارێکی دیکەی چەوساندنەوەی کورد دووبار دەبێتەوە.

**چ لایەنێک ئەو کۆبوونەوەیەی ڕێکخستبوو و ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارییان کرد کێ بوون؟**

کۆبوونەوەکە بە هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان UNPO ڕێکخرابوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو ڕێکخراوەیە. نزیک یەک ساڵ دەبێت کە ئەو ڕێکخراوە بە پێوەندی گرتن بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی پارلەمانی ئورووپا، هەوڵی دا کۆبوونەوەیەک لەو چەشنە ڕێکبخات کە بە خۆشحاڵییەوە ئامانجی باشی بوو.

لە کۆبوونەوەکەدا جگە لە پارلەمانتارانی دێسکی ئێرانی پارلەمانی ئورووپا، نوێنەرێک لە کۆتلە گرینگەکانی پارلەمان بەشدار بوون. بۆ وێنە لە گرووپی پارتە دێموکرات مەسیحییەکان، گرووپی حیزبە سۆسیال دێموکراتە پێشکەوتووەکان، گرووپی حیزبە کۆنسێرڤاتیڤەکان و نزیک حەوت کۆتلەی دیکەی پارلەمانی ئورووپا. بەپێی نامەیەک کە بەدەستی ئێمە گەیشتبوو بڕیار بوو کە نوێنەری ئێران و هەندێ وڵاتی ناوچەش وەکوو ئیسرائیل لەو کۆبوونەوەدا بەشداری بکەن. بەڵام لە سەرەتای کۆبوونەوەکە ڕایانگەیاند کە باڵوێزی ئێران لە کۆبوونەوەکە زۆر توورەیە و بەشداریی تێدا ناکات.

جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، نوێنەری حیزبی گەلی بەلووچستان، نوێنەری حیزبی تەزامۆنی دێموکراتیکی ئەحواز و نوێنەری حیزبی لیبرال دێموکراتی ئازەربایجان بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

**نوێنەری ئێران بۆچی توورە بوو؟ چ دژ کردەوەیەکی پیشان دابوو؟**

دیارە کۆبوونەوەیەکی لەو ئاستە بۆ ئێران و ئەو پڕوپاگەندەیەی کە بۆ خۆی و دژ بە ئێمە دەیکات، زۆر خراپ بوو. بۆ وێنە پێشتر لەم کۆبوونەوە، هەیئەتێکی مەجلیسی ئێران سەردانی پارلەمانی ئورووپایان کردبوو و لە کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەدا بەشدارییان کردبوو. هەیئەتی مەجلیسی ئێران پێکهاتبوو لە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینیەکانی ئێران، بۆ وێنە ئەرمەنی، یەهوودی و... هتد. نوێنەرانی مەجلیسی ئێران هەرچەشنە هەڵاواردنیان لە ئێران ڕەد کردبووەوە و حیزب و ڕێکخراوە دژبەرەکانیان وەکوو تێرۆریست ناساندبوو. ئەوەش تاڕادەیەک بۆ باش پیشاندانی ڕووی ئێران بۆ ئورووپاییەکان کاریگەریی هەبوو. کاتێک ئێمە لەو کۆبوونەوەدا بەشداریمان کرد و هەندێ ئامارمان سەبارەت بە ئێعدامییەکان، گیراوەکان، کوژرانی کۆڵبەرەکان و باروودۆخی ئابووری و سیاسی باس کرد و ناو و وێنەی هەموو ئەو کەسانە کە بە ئامار وترابوو، لە نێو پارلەمانتارەکان بڵاو کردەوە، زۆر کاریگەریی هەبوو کە لە ڕووی ڕاستی ڕێژیمی ئێران تێبگەن. ئێرانیش لەوە توورە بوو. دیارە توورەیی خۆشی دەربڕیبوو و لەگەڵ زۆر پارلەمانتار پێوەندیی گرتبوو و هەوڵی دابوو کە کۆبوونەوەکە هەڵوەشێنێتەوە. تەنانەت هەڕەشەی کردبوو کە ئەوانیش لە سەر پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئورووپایی کۆبوونەوە بەڕێوە دەبەن. بەڵام کۆبوونەوەکە زۆر بە باشی بەڕێوە چوو و توانیمان تا ڕادەیەک




## ئاسۆ سالح

### لە وتوویژ لەگەڵ کوردستان سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی پارلەمانی ئوروپا:

# ئەم جۆرە کۆبوونەوانە، تەواوکەری خەباتی خەڵک لە شار و پێشمەرگە لە شاخن

**ڕۆژی چوارەدەی مانگی دێسامبر، لە پارلەمانی ئورووپا لە شاری ستراسبوورگی فەڕانسە کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی پارلەمانتارانی دێسکی ئێران بەڕێوە چوو. نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوەیە کرابوو. ئاسۆ ساڵح وەکوو نوێنەری حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری کرد و وتارێکی پێشکەش کرد. لەم وتوویژەدا هەوڵ دەدەین زۆرتر سەبارەت بەو کۆبوونەوە و ئامانجەکانی بزانین.**

**وتوویژ: ئۆمید عەبدی**

ئەو پڕوپاگەندەیەی ئێران بۆ خۆی دەیکات، پووچەڵ بکەینەوە.

**هیچ باسێک سەبارەت بە ڕاسان و دەس پێکردنی قۆناغی نوێی خەبات لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کرا؟**

ئەو کەسانە کە وتاریان پێشکەش کرد باسی بارودۆخی سیاسیی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکانی خۆیانیشیان کرد. تەنیا گۆڕانێک کە لە ئاستی خەباتی سیاسی و جەماوەری لە هەموو ئێران هاتۆتە ئاراوە، مەسەلەی ڕاسانە. ئێمەش وەکوو حیزبێک کە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو قۆناغە نوێیەی خەبات و دووبارە زیندوو کردنەوەی ئەو ژیلەمۆیەمان پێ سپێردراوە، بە شێوەی بەرین باسی ئەو قۆناغەمان کرد. ئێران زۆر هەوڵ دەدات کە خۆی وەکوو ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر لە دەرەوە پیشان بدات کە گوایە هەموو خەڵک ڕازین و هیچ مەسەلەیەک لە نێوخۆی ئێران لە ئارادا نیە. بەڵام ڕاسان ئەو درۆیە ڕەد دەکاتەوە و باس لە سەر ڕاسان پڕوپاگەندەی ڕژیم پووچەڵ دەکاتەوە. لە بەشێکی وتارەکەی منیشدا، پاش باسی ڕەوشی مافی مرۆڤ، سیاسی و ئەمنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاماژەم بەوە کرد کە؛ دژ بەم سیاسەتە کۆلۆنیالیستی و ڕاسیستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دوو ساڵ پێش ئێستاوە قۆناغی نوێی خەباتی ڕاگەیاندووە کە لە لایەن خەڵک و بەتایبەت گەنجانی کوردستانەوە پێشوازیی زۆری لێکراوە. هەروەها باسی پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و سپای پاسداران کرا. لە کۆتاییشدا داوامان کرد بۆ خەبات بۆ پێکهێنانی سیستمێک لەسەر ئەساسی مافی مرۆڤ، ئازادی، سێکۆلاریسم و دێموکراسی هاوکاریمان بکەن.

**ئەوان سەبارەت بە ڕاسان چ بۆچوونێکیان هەبوو؟**

دیارە بەداخەوە زانیاری کەمتر بەوان دەگات. مەبەست لە زانیارییش زۆرتر ڕاپۆرتی میدیاکانە کە جێی باوەڕی ئەوانن. بۆ وێنە پرسیاریان کرد کە بۆچی زانیاریی کەمتر بە ئێمە دەگات. منیش ئاماژەم بە سێ خاڵ کرد: یەکەم ئەوە کە لە کوردستان ڕۆژنامەوان ناتوانن ئازادانە کار بکەن و پێوەندی بە دەرەوە بگرن، دووهەم ڕۆژنامەوانە دەرەکییەکان تەنیا دەتوانن لە تاران بمێننەوە و ئیزنی ئەوەیان نیە کە بۆ کوردستان و ناوچەکانی دیکەی نەتەوەکان سەفەر بکەن و ڕاپۆرت بنووسن، سێهەم ئەگەر هەندێ وڵات وەکوو ئامریکا و بریتانیا میدیایان بە زمانی فارسی هەیە، ئەو میدیایانە هەواڵی ناوچەکانی ئێمە ناگوازنەوە و ئەوانیش وەکوو میدیاکانی ڕژیم تا ڕادەیەک ئێمە بایکۆت دەکەن.

کاتێک باسی ئەو چەند خاڵەمان کرد و بە شێوەی چاپ کراو هەموو زانیاریەکانمان پێدان، زۆر سپاسیان کرد و وتیان کە لە کۆبوونەوەکانی خۆیان لە سەر ئەو مەسەلە زۆرتر کار دەکەن. بەڵام بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی یەکێتی ئورووپا کە ئایا لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دەگۆڕدرێت؟ ئایا پاش ئەو گۆڕانکارییانە کە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا لە ئارادایە، هەڵسوکەوتی ئەوان چۆن دەبێت؟

**بە گشتی سەبارەت بە خەباتی نەتەوەکانی ئەران دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایان چۆن بوو؟**

پارلەمانتارانی ئورووپا باسی ئەوەیان دەکرت کە بۆچی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کەمتر یەکگرتووە. ئێمەش لە وەڵامدا ئاماژەمان بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ کرد کە گەورەترین و بە ئەزموونترین هاوپەیمانیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە. بە خۆشحاڵییەوە سێ ئەندامی ئەو کۆنگرەیەش لەو کۆبوونەوەهدا بەشدار بوون کە جەختیان لە سەر پۆتانسیێلەکان و گرینگیی ئەو کۆنگرە لە ئێستا و داهاتوودا کرد. ئەمە خاڵێکی بەرچاو بوو بۆ زۆرتر ئاشنا بوونی ئەوان بە خەباتی نەتەوەکانی ئێران.

**وەکوو پرسیاری کۆتایی پێتان وایە ئەو کۆبوونەوە چ دەسکەوتێکی هەبوو؟**

من پێم وایە ئەم کۆبوونەوە یەکێك لە گرینگترین کۆبوونەوەکان بوو کە بە بەشداری ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و سەبارەت بە ڕەوشی نەتەوەکانی ئێران بەڕێوە چووە. گرینگیەکەش لەوەوە دەردەکەوت کە تا چەند خولەک پێش کۆبوونەوەکە ئێران لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی دەدا ئەو کۆبوونەوە هەڵوەشێنێتەوە. بەداخەوە هەندێ هەوڵیشیان ئاکامی هەبوو. بۆ وێنە بۆ ئێمە پرسیار بوو کە بۆچی دەرگای کۆبوونەوەکە داخرا؟ بۆچی نەیانهێشت کە میدیاکان لە نێو هۆڵی پارلەمان بوونیان هەبێت؟ بەڵام ئەو خاڵانە لە بەرانبەردا هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ناساندنی خۆمان، سیاسەتمان و خەباتمان بۆ پارلەمانی ئورووپا نەبوو. تا ئەو جێگەیەی دەکرا، توانیمان بیسەلمێنین کە کۆمەڵگای ئێران خەریکە دەکوڵێ، خەڵک سەرکوت دەکرێن، خەباتی گەلانی ئێران خەریکە دووبارە پەرە دەستێنێتەوە، ڕاسان نموونەی بوونی ئێرادەیەکە کە لە ناو نەتەوەکانی ئێران خۆی بە شێوەی کردەوە پیشان داوە، هەموو ئەم خاڵانە لەم کۆبوونەوەدا باس کران دەتوانێ لە سەر ڕوانینی پارلەمانتارانی ئورووپا و ئەو کەسانە کە سیاسەتی دەرەکیی یەکێتی ئورووپا دادەڕێژن، کاریگەرییان هەبێت. هەروەها کە دەبینین لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا خەریکین هەندێ گۆڕانکاری دەبینین، لە ناوچەشدا ئەو گۆڕانکارییانە لە سەر عەرز دەبیندرێن. ئێمە پێویستە بۆ هەرچەشنە گۆڕانێك ئامادە بین، ڕاسان ئەگەرچی خۆی گۆڕان پێکدێنێت، هاوکاتیش ئامادە بوون بۆ ئەو گۆڕانکارییانە و گواستەنەوەی دەرفەتەکان بە قازانجی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەشداری لە ئەو جۆرە کۆبوونەوانەش تەواوکەری خەباتی خەڵك لە شار و پێشمەرگە لە شاخن.



# شەهید واژۆیەک لە هەرمان

**دیاکۆ**

فرمێسکە نهێنیەکانت
کەم هەڵبرێژە هاورێکەم
بو دەستبەسەریی بەرزاییەکانی بەری(قەسریێ)،
تەزووی ئاوی(کانی سارد) و
زۆرانبازیی هەورازەکانی (کانی قسڵ)
خۆت بووی دەتکوت
دنیا لە (مخاکۆ)وە دەست پێدەکا
(فەرەنگت) لە تەنیایی بە مەقام بەچۆکدا دێنا
خۆزگە بە پاییز و فرین
دوو کۆتر بوون
دەستەکانت بەس هەڵبرە هاورێم
کلاشینکۆفی چی؟
فرین بەشێکە لە چەتوونیی شەوەزەنگ،
پێڵووەکانت ڕەنگی خەونی گریلایان بەخۆوە گرتووە
سوور
زەرد
سپی
سەوز
برووسکە بۆ کام ئەستێرە دەکەی
ئێشی لاقت بەمن ئارام نابێتەوە
ئەو خەونەی تۆ ژانی پێوەیە
ژان تەنیا دەنگە
(بی کەی سی) خەونی خاک ئاڵۆزتر دەکا
شیوەمێرێ بڕیاری ڕاسانی داوە
ژیلات کردۆتە لای لایە
هەتا هاواری زامانت بە پێخەفی ئەسریناوی
بڕژێتە باڵای گریلا
دڵۆپ دڵۆپ بە خەنجەری ڕاسانێک لە ڕەنگی هەتاو
کایەی ئەو جارەی قوربانییت نوێ کردەوە
شەهیدی ڕاسان
ڕۆڵەی خاک،
هۆ ڕێبواری شەوقی گزینگ
حیکایەتی گەڕانەوەت بۆ کام ئەشکەوت چڕیوە
ڕێگەی شەقڵی سینگی داوە،
ئەی گزینگی هەتاو، ئەی جەنگاوەری خۆرەتاو
هاوڕێی شەهیدم گەرگوولی

شکۆت قەندیل ودڵگیریت بەهاران
شەپۆلی پێکەنینت نەرمەباران
بزەت ڕێژاوی تاڤگەی کوردەواری
هەناسەت گیانەبۆ وەرزی هەژاری
هەتاوی مێهرەبانیت خەونی ئاسۆن
لەجێی پێڵاوەکانت،خوێن ڕەگاژۆن
سەروسیمات لەڕەنگی ئاسمانە
ترووسکەی چاوەکانت کاکەشانە
هەمووئەندێشەکانت بۆخەبات بوو
ئیشارەت وەرزی داهاتووی وڵات بوو
چیا و پێدەشت،زەوی، ڕووبار و کانی
لەخۆشیانت دەبوونە ئاوەدانی
لەگەڵ ڕاستی و خەیاڵمان تێکەڵاوی
هەتاکوردێ هەبێ،زیندووی و ماوی
گەلێ ڕازاوەیە یەڵدا، بەناوت
بەپۆل ئەستێرە دەڕژێن بۆ سڵاوت
لەبەرتۆ پاییزی کوردان بەپێزە
لەداییک بوونتە یەڵدا، زۆر بەرێزە

**هەردی موکریانی**



# دیدار لەگەڵ شەریف فەلاح

## نووسەر و چالاکی فەرهەنگی

**سازدانی: ژووری ڕۆژهەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام** — بەشی ٦

**ئایا پێتان وانییە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ زمانی کوردی مۆدیرییەت بکات؟ واتە بۆ ئەوە تێدەکۆشێت ئایدۆلۆژیای خۆی لەڕێگەی زمانی کوردییەوە بخاتە ناخی منداڵانی کوردەوە؟**

پێشتریش هەندێک ئاماژەمان بەم پرسە کرد، بەڵێ وایە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ پرسی فێربوون لەڕێگەی زمانی کوردی، لە پرسی پەروەردە بە زمانی زگماکی جیا بکاتەوە، دەیەوێ بڵێ تەنیا پرسێکی ڕووکەشانەیە و پرسێکە دەیهەوێ ڕێنووس و ڕێزمانیان بە شێوەزاری خۆیان بێت، دەنا ناوەرۆکیان ناوێ، ناوەرۆکی ئەوان هەمان ئایدۆلۆژیای ئێمەیە، بەڵێ ئەوان دەیانەوێ مودیریەتی پرسی زمانی کوردی بکەن، بەڵام ئەم مودیریەتە چەواشەکارییە مودیریەتێکی کوشتنە، مودیریەتێکی لەخشتەبردنە، مودیریەتێکە کە ئێمە ئەزموونمان کردووە، خۆی ئەزمونی کردووە ٣٧ ساڵە کۆماری ئیسلامی لە دامودەزگا و ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە هەر لە ڕادیۆی کرماشانەوە بگرە تا دەنگ و ڕەنگی سنە، مەهاباد، ڕادیۆی کوردیی تاران و بەشی کوردیی ڕایەڵەی سەحەر و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان لە سنە، کرماشان و ئیلام و ورمێ و.. ئەمانە شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەکار هێناوە بۆ ڕووماڵی هەواڵەکانی خۆی و باسکردنی هەندێ پرس و چالاکیی ڕۆژانەی خۆی لە پارێزگاکانی کوردستانیان هێناوەتە بەرباس، بۆیە نەیویستووە هیچ کاتێک زمانی کوردی بە شێوەیەکی جیددی نیشان بدات.

ئێوە چاو لە ئەو بەرهەمانە بکەن کە کۆماری ئیسلامی لە دەنگ و ڕەنگەکانی خۆیەوە بە زمانی کوردی و شێوەزارە جیاوازەکانەوە بەرهەمی دەهێنێت، هەر لە کەناڵی ئیلامەوە بگرە، کە پار ئێمە بینیمان چ شانۆیەکی سووکایەتی بە کورد دروست کرد کە کورد بە چۆلەکەیەک نیشان دەدات کە بێ ئەقڵە، وای دەنوێنێ کە کەسێکی گەمژەیە و خاوەنی هزر نییە، ئەمانە هەڵگری گوتاری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامین، هەروەها ئەو شانۆیانەی کە لە دەنگ و ڕەنگی سنەوە بڵاو دەبنەوە بە شێوەزارەکانی زمانی کوردی بۆ شانۆیەکی جیدی نین؟ بۆ نایەوێ شانۆیەکی لەڕووی تایبەتمەندییەکانی شانۆییەوە بە شێوەزارێکی کوردی بە ڕێکوپێکی پیشان بدات، هەمیشە ئەو شانۆیانە دەخاتەڕوو کە تیتاڵی و گاڵتەجاڕین، بۆیە دەیەوێ وای بنوێنی کە زمانی کوردی زمانێکی جیدی نییە و تەنیا بۆ گاڵتەکردن و ڕابواردنی خەڵکی و سەرگەرمیی خەڵک بەکاردێ، ئەمە سووکایەتیە، ئەگەر بچیتە قووڵایی نیەتی کۆماری ئیسلامییەوە، ئەوا دەبینین لە سووکایەتی زیاتر هیچ شتێکیتری پێ نییە بۆ زمانی کوردی.

**هەر وەک دەزانین جوگرافیای ئێران چەند نەتەوەی جیاواز و زمانی جۆراوجۆری تێدایە، بەڵام زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمیی وڵات دیاری کراوە، پێوەرەکان و هۆکارەکانی ئەو هەڵبژاردنە چییە؟ هەروەها ناوەندگەرێتیی دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبەریی وەزارەتی پەروەردە لە ئێران چۆن چۆنییە، ئایا کاریگەریی لەسەر دۆخی زمانی نەتەوەکانی دیکە دەبێت؟**

وایە جوغرافیای ئێران جوغرافیایەکی فرە نەتەوەیە، کۆماری ئیسلامی بۆیە ئێستا ئەم پرسەی تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێناوەتە بەرباس بۆچی لە بەلووچستان، بۆچی لە ئەهواز، بۆچی لە پارێزگاکانی دیکەی تورکنشین واتە ئازەری زمان کە زیاتر لە ٤ پارێزگا دەگرێتەوە ئەم پرسەی نەهێناوەتە بەرباس، من لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتردا کە بۆچی کۆماری ئیسلامی لەڕووی کاتەوە ئەم پرسەی هێناوەتە بەرباس، لەبیرم چوو ئاماژە بە پرسێکی زۆر گرنگ بکەم، کۆماری ئیسلامی لەڕووی سیاسیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەختێکی یەکجار گەورەی لەسەرە، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی کردووە بە ڕاسانەوەیەکی نوێ، دەستی داوەتە دیسان خۆ خوێندنەوەیەکی نوێ لە پرسی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وە لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات و حزبەکانی دیکە دەیانەوێ پاش ٢٠ ساڵ لە ڕاگرتنی خەباتی چەکداری و پاش ٢٠ ساڵ لە غیاب بوون لەناو چەقی بزووتنەوەی کورددا، ئێستا دیسان بڕۆنەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک یەک بگرنەوە و دیسان گرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ هەموو جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک بگرێتەوە، کۆماری ئیسلامی بۆ پەرچەکرداری ئەم ڕاسانە دەیەوێ وابنوێنێ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا پرسێکی وردە فەرهەنگە، بۆیە دەیەوێ خەڵک بەوە سەرگەرم بکات، بڵێ بەڵێ کورد مافیان دراوە و هیچ کێشەیەکی سیاسییان نییە و بە زمانی خۆیان دەخوێنن و گۆرانی دەڵێن و هەڵدەپەڕن و زۆر شتی دیکە..

هەمووکات کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی عەشیرەگەری و بۆ پرسی ناوچەگەریەتی، بۆ پرسی وردە فەهەنگەلێک کە هیچ گرفتێکی ئەمنیەتی بۆی نییە هێندە خەرج دەکات بەپانەوە خۆی و هەموو دامودەزگاکانی دەخاتە ئیختیاری، ئێوە چاو لە ڕووماڵی هەواڵەکانی ئەو بەشانە بکەن کە بە کوردی بڵاو دەبنەوە، یا فێستیڤاڵی گۆرەوی بازییە، یا فێستیڤاڵی قەمچانە، یا فێستیڤاڵی یارییە ناوچەییەکان، من ناڵێم ئەمانە گرنگ نین بۆ کورد، بەڵام لە ئەولەویەتدا نین، ئێمە زمانمان لە ئەولەویەتی هەموو شتێک دایە، چوونکە ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبێت، وەک چۆن دەڵێن زمان ڕۆحی نەتەوەیە، ئەگەر ڕۆح لەبەری نەتەوە نەمێنێت، ئیدی نەتەوە مانای نییە، بۆیە ئێمە بەر لە هەموو شتێک دەبێ زمانمان زیندوو بکەینەوە، بەر لە هەموو شتێک دەبێ شعووری نەتەوەییمان لە ڕێگای پەروەردەیی زمانییەوە باڵا بکات و گەشە بکات هەتا بگات بە وشیارییەکی نەتەوەیی تا نەتەوەی باڵادەست نەتوانێت بمانچەوسێنێتەوە، بە چەشنێک تاک لەو لەخۆنامۆبوونە شوناسییە ڕازگاری بێت و بە زمان و ئەندێشەی زگماکی بیر بکاتەوە.

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No: 691 ■ 20 Dec 2016*



رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


